# شیکاریی گوتاری نەورۆزی دژەکۆلۆنیالیستی لە کوردستان

سارۆ ئەردەڵان

”

تا سەدەی بیستەم باسکردنی نەورۆز لە کوردستان لە چوارچێوەی گوتارێکی کلاسیکدا بووە کە تیایدا نەورۆز وەکوو جێژنێکی هاوبەش لەگەڵ گەلانی ناوچەکە و وەکوو سەری ساڵ و بووژانەوەی سروشت سەیر کراوە. بە دەستپێشخەریی ڕۆشنبیرانی بازنەی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ئەم جێژنە وەک بۆنەیەکی کوردی و جێژنێکی کۆمەڵایەتی دەبووژێتەوە و هاوکات لەگەڵیدا باسی جێژنی نەتەوەیی سەرکەوتنی کاوە بەسەر زوحاکی ستەمکاردا دەکرێ کە بە بۆچوونی ئەوان، ئەمەی دووەمیان لە هاوین و لە ٣١ ئاگۆستدا ڕووی داوە. دوابەدوای ئەمە پیرەمێرد لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دەورێکی گرنگی لە کردنەوەی ئاگر لە ئێوارەی نەورۆز لەسەر گردی مامەیارەی سلێمانیدا بینیوە و هەوڵی بۆ سەقامگیرکردنی بۆنەی جێژنی نەورۆز داوە. بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدایە کە ئووستورەی کاوە لەگەڵ نەورۆز وەکوو ڕۆژی یەکەمی ساڵی کوردی یەکسان دەکرێ و دەبێتە سیمبولی خەبات و خۆڕاگریی کورد لە بەرانبەر داگیرکەرانی کوردستاندا. ئەم گوتاری بەسیاسیکردنەی نەورۆز لە دەوری دالی سەرەکیی نەورۆز وەکوو جێژنێکی نەتەوەییی دژەستەم دەسووڕێتەوە و هەر ساڵە چۆنیەتیی گرتنی بۆنەی نەورۆز دەبێتە مەیدانی سەرەکیی ململانێ لەگەڵ هێزە کۆلۆنیالیستییەکان لە کوردستاندا.

“

*”ئەو زستانی نالەبارە لێمان ببووە ئیستیعمار*
*بە شۆڕشی نەورۆزی، ون بوو، کرا تار و مار“*
*هەژار، بۆ کوردستان، ١٩٦٠*

## پێشەکی

ئەگەرچی بۆنەی نەورۆز لە کوردستان بۆ زەمەنێکی کۆن دەگەڕێتەوە، بەڵام نەورۆزی دژەکۆلۆنیالیستی مێژوویەکی نوێی هەیە. بەسیاسیبوونی نەورۆز ئەم جێژنەی لە بۆنەی گەلانی دیکەی ناوچەکە جیا کردووەتەوە و تایبەتمەندیی کارنەڤاڵیکی دژەستەم و چەوساندنەوەی پێ بەخشیوە. لەناو گەلانی دیکەدا نەورۆز جێژنێکە بۆ نوێبوونەوەی سرووشت و هاتنی بەهار و لە ئەنجامدا خەڵک دڵخۆشیی خۆیان دەردەبڕن. هەر لەم بەستێنەدا و بە هۆی دیمەنی دڵرفێنی کوردستانەوە هەر لە کۆنەوە گەلی (خەڵکی) کورد لە نەورۆزدا چووەتە سەیران و لەناو سرووشتدا چێژی لە هاتنی بەهار وەرگرتووە. بەڵگە بۆ ئەمە چەند دێڕە شێعرێکی ئەحمەدی خانییە (١٦٥١-١٧٠٧) کە باس لەوە دەکا:

”بیلجوملە دەچوونە دەر ژ مالان
حەتتا دەگەهیشتە پیر و کالان

ڕۆژا کو دەبوویە عیدێ نەورۆز
تەعزیم ژ بۆمە دەما دل ئەفرۆز“

ئەم شێوازی جێژنگرتنە کە ڕەنگە ئاوێتەی گۆرانی، مۆسیقا و هەڵپەڕینیش بوو بێ، لەگەڵ گەلانی ناوچەکە خاڵی هاوبەشی زۆری هەبووە. هەر لەم ڕوانگەوەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٩ نەتەوە یەکگرتووەکان وەکوو ڕۆژی نێونەتەوەیی نەورۆز و وەک میراتی مەعنەویی مرۆڤایەتی ناسیویەتی. هەربۆیەش لە ڕاگەیەندراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باسی نەورۆز وەک یەکەم ڕۆژی بەهار و نوێبوونەوەی سروشت کراوە کە دەتوانێ ”بەهاکانی ئاشتی و یەکریزیی نێوان نەوەکان و ناو خێزانەکان پەرە پێ بدا و، هەروەها ئاشتەوایی و دراوسێیەتی بەرەوپێش ببات، بەم شێوەیەش لە فرەچەشنیی کولتووری و دۆستایەتیی نێوان گەلان و پێکهاتە جیاوازەکاندا بەشدار دەبێت.“[١]

لە ڕاگەیەندراوەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باسی هەندێک بەهای مۆدێرن دەکرێ کە بۆ ژیانی پڕ لە ناکۆکی و دژایەتیی مرۆڤ لە جیهانی مۆدێرندا پێویستە. ئەوەی زیاتر لە سێسەد ملوێن کەس جەژنی نەورۆز دەگرن و مێژووەکەی بۆ سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەو مانایە نییە کە لە زەمەنی ڕابردوودا گەلانی (خەڵک؛ people) ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، قەفقاز و ناوچەکانی دەریای ڕەش دەرکیان لە پێکەوەژیان هەبوو بێ و ڕێزیان لە کولتووری یەک گرتبێ. چونکە لە بنەڕەتدا و لە قۆناغی پێش مۆدێرندا ئەم بەهایانە بەشێک لە سیستەمی مەعریفی و سیاسیی مرۆڤایەتی نەبوون تا کۆڵەکەی ژیانی لەسەر هەڵبچنرێ. تەنیا لە دوای شەڕی ئایینی لە ئەورووپایە (١٦١٨-١٦٤٨) کە بەرەبەرە مرۆڤ بەو قەناعەتە دەگا کە چارەسەری بیروباوەڕی جیاواز نەک سڕینەوە بەڵکوو هەڵکردن لەگەڵیدایە. لەم ڕوانگەوە ئەگەر بۆ نەورۆز بڕوانین، بەڵگەنەویستە کە بۆنەی نەورۆز جەژنێکی کولتووریی هاوبەشی گەلانی ناوچەکەیە، بەڵام تەنیا بۆ نەتەوەی کوردە کە مانایەکی سیاسی بەخۆیەوە دەگرێ. واتە ڕێک لە دوای سازبوونی دەوڵەت نەتەوەکان و بەتایبەت لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانییە کە خەڵکی ناوچەکە لە فۆرمی گەلەوە بەرەو نەتەوە هەنگاو دەنێن و لەو ساتەوەختەوەیە کە نوخبەی کورد هەوڵی سازکردنی مانایەکی جیاواز بۆ نەورۆز دەدا.

ئەوەی من لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم شی بکەمەوە، ئەو گۆڕانە گوتارییانەیە کە

لە ناوەڕۆک و فۆرمی پێشکەشکردنی بۆنەی نەورۆز لە پارچەکانی کوردستان ڕووی داوە تا بەرەبەرە لەگەڵ جێژنی نەورۆز لەنێوان نەتەوە و گەلانی دیکەدا جیاواز بێ. بەر لەم شیکردنەوە گوتارییە، باشترە مەبەستی خۆم لە جێژن (Holiday) و جیاوازییەکەی لەگەڵ کارنەڤاڵ (Carnival) شی بکەمەوە. ئەگەرچی بەپێی کولتووری ئایینی، لەناو زمانی کوردیشدا دەستەواژەی جێژن بۆ نەورۆز بەکار هاتووە، بەڵام ئەوەی لە چەند دەیەی ڕابردوودا سەیر دەکرێ ئەوەیە کە بەرەبەرە بۆنەی نەورۆز لە جێژنێکی کولتوورییەوە بەرەو گۆڕان بۆ کارنەڤاڵێکی سیاسی هەنگاوی ناوە. نەورۆز وەک کارنەڤاڵێکی سیاسی جۆرە فێستیڤاڵێکی (Festival) تایبەتە کە ئەگەرچی ڕیشەی لە بۆنەیەکی کۆنی کولتووری یا ئایینیدا هەیە و ڕەنگە بۆ جۆرە کولتوورێکی کشتوکاڵی و زیندووبوونەوەی زەوی بگەڕێتەوە، بەڵام لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لە کوردستان سەرەتا وەک جێژنێک سەیر کراوە کە تیایدا هەموو خەڵک جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن، پێکەوە هەڵدەپەڕن و ئاگر دەکەنەوە؛ نەورۆز خاڵی هاوبەشی هەموو پێکهاتە زمانی و ئایینییەکان لە کوردستان بووە. بەڵام دواتر لە چەند قۆناغی جیای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستان و لە هەر کام لە پارچەکانی باکوور، باشوور، ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتدا سەرەتا وەک جێژنێکی نەتەوەیی تایبەت بە کورد پێناسە کراوە و دواتر مانایەکی سیاسی و دژەستەمی بۆ بینراوەتەوە. بەم شێوەیە جێژنی نەورۆز وەک کردەوەیەکی کولتووریی کۆمەڵانی خەڵکی کورد مانایەکی سیاسیی هاوبەشی نەتەوەیی بۆ ساز کراوە و وەک کارنەڤاڵێکی سیاسی و دژەکۆلۆنیالیستی یەکێک لە سازێنەرەکانی ناسنامەی نەتەوەی کورد بووە.

## مێژووی دژەکۆلۆنیالیستیی کارنەڤاڵ و ڕوانگەی باختین

کارنەڤاڵەکان لە هەندێک وڵاتانی دیکەش تایبەتمەندیی دژەکۆلۆنیالیستییان هەبووە. لەم ڕووەوە، دەکرێ ئاماژە بە ناوچەی کارائیب (ترینیداد و تۆباگۆ، هائیتی، کۆماری دۆمینیکەن، جامائیکا و هتد.) بکرێ کە کولتوورێکی دەوڵەمەندیان لەوبارەوە هەیە.[٢] بۆ نموونە لە وڵاتی ترینیداد و تۆباگۆ کولتووری کۆیلە ڕەشپێستەکان لە ڕێگەی کارنەڤاڵەوە تایبەتمەندییەکی دژەستەم بەخۆیەوە دەگرێ،[٣] لە هائیتی کارنەڤاڵ دەبێتە مەکۆی بەریەک کەوتنی موسیقا لەگەڵ دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستیی فەرانسە،[٤] و لە هۆنگ کۆنگ ساڵەکانی ١٩٦٠-١٩٧٠ فیلمەکانی ژانری کۆمێدی کۆنگفۆ لە بەستێنێکی کارنەڤاڵیدا دەبنە هەوێنی خەباتێکی دژەکۆلۆنیالیستی لە بەرانبەر سیاسەتە مائۆئیستییەکانی وڵاتی چین.[٥] لە کارنەڤاڵەکانی کارائیبدا لەبەر ئەوەی بەرپرسانی کۆلۆنیالیزم کارنەڤاڵی سەر شەقامەکانیان بە مەترسی بۆ سەر یاسا و ڕێسا و ئەخلاق و موڵک و ماڵی تایبەت دەزانی، زۆرجار دەمامک و پۆشینی جلوبەرگی تایبەتیان قەدەغە دەکرد و بە زیندانیکردن خەڵکیان سزا دەدا.

زۆربەی جار لە کولتووری کارائیبدا، کارنەڤاڵەکان وەک بەرخۆدانێکی کولتووری کە دژ بە هێژموونیی کۆلۆنیالیزمن، سەیر کراون. بەشداربووان لە ڕێگەی جلوبەرگی ناوازە، مۆسیقا، سەما و نمایشەوە ناسنامەی کولتووریی خۆیان دووپات دەکەنەوە و ئاهەنگ دەگێڕن. جەختکردنەوە لەسەر ناسنامەی کولتووری دەتوانرێ وەک جۆرێک بەرخۆدان لە بەرانبەر سڕینەوە یان سەرکوتکردنی کولتوورە ڕەسەنەکان لە لایەن زلهێزە کۆلۆنیالیستییەکانەوە سەیر بکرێت. تایبەتمەندییەکی گرنگی دیکەی کارنەڤاڵەکان پێچەوانەکردنەوەی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانە؛

هەروەها لە کاتی ئاهەنگەکانی کارنەڤاڵدا خەڵک بە شێوەیەکی کاتی دژ بە چەوساندنەوەی دەسەڵات دەوەستن، پلەبەندییە نەریتییەکان پێچەوانە دەبنەوە و کەسانی ئاسایی ڕۆڵی دەسەڵاتدارەکان دەگرنە ئەستۆ و لە هەمان کاتدا کەسایەتییە دەسەڵاتدارەکان گاڵتەیان پێ دەکرێت. ئەم پێچەوانەکردنەوە دەتوانێت وەک تەحەدایەکی ڕەمزی بۆ پێکهاتەکانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم و ئەو نەزمە کۆمەڵایەتییانە سەیر بکرێ کە لەلایەن حکومەتی کۆلۆنیالیستییەوە سەپێنراوە.

هەروەها کارنەڤاڵەکان هەستی هاودەنگی و یەکێتی لەنێوان کۆمەڵگەدا بەهێز دەکەن و خەڵک لە دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی دوور دەکەنەوە. لە چوارچێوەی بزووتنەوە دژە کۆلۆنیالیستییەکاندا، کارنەڤاڵ دەتوانێت وەک خاڵی کۆبوونەوە بۆ بەرخۆدان بێت، خەڵک لە دەوری نارەزایەتی و خواستە هاوبەشەکان بۆ سەربەخۆیی و چارەی خۆنووسین کۆ دەکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە کارنەڤالاکاندا سوود لە گێڕانەوەیەکی مێژوویی وەردەگیرێت و ڕوو لە نەریتە کولتوورییەکان دەکرێ کە پێش لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم هەبوون. ئەم میتۆدە پشت بە وەبیرهێنانەوەی میراتی ڕەسەن دەبەستێ کە لە شێوازی ئاهەنگ و سەمادا دووپات دەکرێنەوە و دەبنە یادەوەرییەکی بەکۆمەڵ و ناسنامەی کولتووری بەهێز دەکەن.

لە زۆربەی ئەو توێژینەوانەی سەبارەت بە تایبەتمەندیی دژەدەسەڵاتی کارنەڤاڵەکان نووسراون، کەڵک لە چوارچێوەی تیۆریی باختین وەرگیراوە. مۆدێلی باختین بۆ کارنەڤاڵ خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ بۆنەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا بوو و چۆنیەتیی بەکارهێنانیان لە قۆناغی مۆدێرندا. بە باوەڕی باختین لە کارنەڤاڵی مۆدێرندا کولتووری جەماوەری لە بەرانبەر کولتووری ڕەسمیی سەردەمی ستالین دەوەستێت و بەرەنگاری دەبێتەوە؛ خەڵک لە ڕێگەی ڕێوڕەسمی کارناڤاڵییەوە دژ بە تۆتالیتاریزم و مەترسییەکانی شۆرش دەکەن. لە ڕاستیدا باختین تایبەتمەندیی یاخیبوونی لە کارنەڤاڵدا بەرجەستە دەکردەوە و ڕوونی دەکردەوە کە چۆن خەڵکی ئاسایی لە ڕێگەی ئاهەنگەکانی کارنەڤاڵەوە ڕق و کینەیان لە کولتووری فەرمی نیشان دەدەن و سەروەریی نادێموکراتیک بۆ چەند ساتێک دەخەنە ژێر پرسیارەوە.[۶]

ئەگەرچی جێژنی نەورۆز لە سەدەی بیستەم بەدواوە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە و بەستێنی مێژوویی‌یەکەی لەگەڵ ئەو بەستێنەی باختین شیی کردووەتەوە، جیاوازیی بەرچاوی هەیە، بەڵام دیسانەوە هەندێک تێڕوانینی باختین بۆ کارنەڤاڵ و کارکردەکانی دەتوانێ یارمەتیدەری تێگەیشتنێکی قووڵتر سەبارەت بە نەورۆز بێت.[۷] بەتایبەت ئەوەی باختین باسی دەکا بۆ شیکردنەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی ”میری نەورۆزی“، وەک یەکێک لە بۆنەکانی نەورۆز لە فۆرمی کلاسیکی خۆیدا (کە لە هەندێک لە ناوچەکانی کوردستان وەکوو مەهاباد و سلێمانی بەڕێوە چووە) گونجاوترە و تیایدا بۆ ماوەیەکی کاتی لە ڕێگەی گاڵتەوە و لە دووتوێی فۆرمێکی کۆندا (سەدەکانی ناوەڕاست) دەسەڵاتی دەستووردان هەڵدەسپێردرێت.[۸]

بەڵام لە سەدەی بیستەمدا ناتوانین بەرەورووبوونەوەی کولتووریی جەماوەریی خەڵک لە بەرانبەر کولتووری فەرمی لە نەورۆزی کوردیدا پێناسە بکەین، بەڵکوو دەکرێ نەورۆز وەک بەرەنگاربوونەوەی کولتووریی نەتەوەی کورد لە بەرانبەر کولتووری نەتەوەی کۆلۆنیالیست سەیر بکەین. لەم ڕوانگەوە نەورۆز دەبێتە کارنەڤاڵێکی سیاسی کە

پرسی ناسنامە و سەروەری تیایدا بەرجەستە دەبێتەوە. لە نەورۆزدا لە لایەکەوە سنوورەکان لەگەڵ ئەویتری کۆلۆنیالیستی تۆخ دەکرێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە خۆشەویستییەکی کوردستانی لە نێوان پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان ساز دەبێ. لێرەدایە نەورۆزی دژەکۆلۆنیالیستی دەبێتە بۆنەیەکی هاوبەشی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان و بەشێوەی ناراستەوخۆ ئاماژەی مەدلوولی کوردستانی گەورە ساز دەبێ. ئەگەرچی من لە کۆتاییی وتارەکەدا نیشانی دەدەم کە بەکارهێنانی بۆچوونی باختین سەبارەت بە کارنەڤاڵ لە بەستێنی کۆلۆنیالیزمدا ناتوانێ تایبەتمەندیی وەخۆگرانەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی پێناسە بکا.

بۆ گەیشتن بەوەی کە لە کوردستان چۆن نەورۆز وەکوو کارنەڤاڵێکی سیاسی بەڕێوە دەچێ، پێویست دەکا خوێندنەوەیەک بۆ سازبوونی چەمکی نەورۆز لە کوردستان بکەین کە هاوشان لەگەڵ چەمکی کوردایەتی (ناسیۆنالیزمی کوردی) گەشەی مانایی بەخۆیەوە بینیوە. نەورۆز هەمیشە بەم شێوەیەی ئیستا لە کوردستان جێژن نەگیراوە و وەک زۆربەی گەلانی دیکە بۆ کوردیش تەنیا مانایەکی کولتووری هەبووە. واتە نەورۆزی سیاسی بۆنەیەکی مۆدێرنە کە نوخبەی کورد بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەروەریی نەتەوەیی سازی کردووە و هەربۆیە ئەم دیاردە نوێیە بابەتێکی لەمێژینە نییە. بۆ تێگەیشتن لەم باسە ئاورێکی کورت لەو بەڵگانە دەدەینەوە کە جێژنی نەورۆز پێش سەدەی بیستەم جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بۆنەی گەلانی ناوچەکە نەبووە و تەنیا دوای بیچمگرتنی ناسیۆنالیزمی کوردییە کە نەورۆزی کوردی نەک خۆی لە نەورۆزی گەلانی دیکە جیا دەکاتەوە، بەڵکوو هەروەها دەبێتە مەکۆی بەرخۆدان و نوێبوونەوەی شۆڕشی دژەکۆلۆنیالیستی لە کوردستان.

## نەورۆز: لە جێژنێکی کۆمەڵایەتییەوە بەرەو جێژنێکی نەتەوەیی

هەتا سەدەی بیستەم شاعیرانی کوردیش کە باسی نەورۆز دەکەن، وێنا شێعرییەکانیان هەر بە دەوری چەند ئاماژەی هاوبەش بۆ نەورۆز دەسووڕێتەوە وەکوو "نوێبوونەوەی عالەم وەکوو پشکووتنی دڵ" (نالی)، "هاتنی نەورۆز کە وادەی بەهارەن وەکوو نەشئەی نامەی نیگار" (مەولەوی)، "نەسیمی بای نەورۆز وەکوو بەریدی عاشقان" (وەفایی)، "جێژنی نەورۆز وەکوو دڵی پڕ ئاتەش و سۆز" (حەریق) و هتد.[9] ئەم وێنا شێعرییانە نیشانی دەدا کە شاعیرانی کورد تا سەرەتای سەدەی بیستەم لە چوارچێوەی تێگەیشتنێکی باو باسی نەورۆز دەکەن و تەنیا ئەحمەدی خانییە کە زۆر بەکورتی لایەنی کۆمەڵایەتی نەورۆز نیشان دەدا. لێرەدا دوو پرسیاری لێکگرێدراو دێتە ئاراوە کە (١) لە کەیەوە بۆنەی نەورۆز وەک جێژنێکی نەتەوەیی بۆ کورد گرنگ دەبێ؟ و (٢) لەبەرچی و لە کەیەوە جێژنی نەورۆز لەگەڵ ئوستوورەی کاوە تێهەڵکێش دەکرێ؟ ئەگەر بتوانین بە شیکاریی گوتاری بازنە فیکرییەکانی کوردستان وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بدەینەوە، ئەوسا دەتوانین زیاتر لە چۆنیەتیی گۆڕینی جێژنی نەورۆز بۆ کارنەڤاڵێکی سیاسی بگەین.

پێش لە سەدەی بیستەم و بەتایبەت لەو هەرێمانەی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکاندا بوون، جێژنی نەورۆز لەگەڵ هەندێک ڕێوڕەسمی تایبەتدا بەڕێوە چووە. لانیکەم ئێمە دەزانین کە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی میرنشینەکانی ئەردەڵان و باباندا هەندێک بۆنەی وەکوو کەڵە چوارشەممە، هەڵاوە مەڵاوە، کۆسە، میری نەورۆز و نەورۆزانە بەشێکی گرنگی ئەو ڕێوڕەسمانە بوون کە خەڵک بەڕێوەیان بردوون.[10] ڕەنگە یەکەم بازنەی فیکری کە بیریان لە سازکردنی بۆنەیەکی نەتەوەیی بۆ

کورد کردبێتەوە، ڕۆشنبیرانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە ئەستانبۆڵ بن کە لە نێوان ساڵانی ١٩١٨ تا ١٩١٩ ڕۆژنامەی ژینیان بڵاو کردووەتەوە. ئەم ڕۆشنبیرانە لەژێر کاریگەریی ناسیۆنالیزم و ڕۆمانتیسیزمی ڕۆژاوایدا بوون کە لە ساڵە کۆتاییەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا لە ئەستانبۆڵ و لەناو بازنە فیکرییەکاندا پەرەی سەند بوو. بە وتەی بوزئەرسەلان نووسەرانی ژین لە ئاست ئەم بیرۆکانە "وەرگریکی ناکارا" و "بەکارهێنەرێکی چالاک" بوون و بەتایبەت کاریگەرییان لە دوو قوتابخانەی فکریی پۆزیتیڤیسم و دارڤینیسمی کۆمەڵایەتی وەرگرتبوو.[11] لە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی ژین-دا مانیفیستی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بڵاو کراوەتەوە و بە وردبوونەوە لەم دەقە زیاتر لە بیری نەتەوەیی‌یان دەگەین:

*ژین بۆ بەرژەوەندیی تایبەت چاپ ناکرێ. ئامانجی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی مێژووی ژیانی کورد، مافە نەتەوەییەکان، ئەدەب و لایەنی کۆمەڵایەتییە کە چەندین سەدە فەرامۆشکراون. بە بۆچوونی ئێمە، دەستەبەرکردنی پێگەیەکی شیاو بۆ نەتەوەی کورد لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا تەنیا کاتێک مومکین دەبێ کە بە شێوەیەک هەڵسووکەوت بکەین کە لەگەڵ ڕوانگەی مۆدێرندا بگونجێ. ئێمە ئاگادارین کە دەستپێشخەرییەکەمان پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆرە. بەڵام لە کاتی ئەنجامی ئەو ئەرکە قورسەدا، هیوامانە بتوانین پشت بە پشتیوانی و پاڵپشتیی ماددی و ڕۆحی نەتەوەی کورد ببەستین کە هەمیشە بە ئەوپەڕی قوربانیدان بۆ نیشتمان و گەلەکەیان، خۆیان لەوانی دیکە جیا کردووەتەوە. سەرکەوتن بە دەست خودای گەورەیە.*[12]

هەروەک لە مانیفیستەکەدا دەردەکەوێ ڕۆشنبیرانی بازنەی ژین لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی دەرکیان بەوە کردووە کە دەبێ بۆ مافی نەتەوەییی کورد تێبکۆشن و بۆ ئەم مەبەستە هەوڵیان داوە هەندێک سیمبول و بۆنە بۆ نەتەوەی کورد بەرجەستە بکەنەوە و لەو ڕێگەیەوە کورد لە نەتەوەکانی دیکە جیا بکەنەوە. لەم هەوڵەیاندا ئەوان گرنگی بە ئوستوورەی کاوە دەدەن کە چۆن زەحاکی ماربەدۆش دەکوژێ و لەو ڕێگەیەوە نەتەوەی کورد ڕزگار دەکا. ڕەنگە کۆنترین دەقێک کە نووسەری کوردی هەبێ و باسی ئەم چیرۆکەی کردبێ شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣-١٦٠٣) بێ. لە شەرەفنامەدا (تاريخ مفصل كردستان) ڕەچەڵەکی کورد بۆ ئەو هەڵاتووانە لە دەستی زەحاک دەگەڕێندرێتەوە کە گوایە لەبەر چارەسەریی نەخۆشیی سەرەتان و پێخۆری مارەکان ڕۆژانە دەبووایە مێشکی سەری دوو گەنجیان بۆ زەحاک ساز کردبا. بەرپرسی کوشتنی گەنجەکان دڵڕەحم بووە و هەمیشە یەکێک لەو دوو گەنجەی دەرباز کردووە و لە جیاتی ئەوە مێشکی مەڕی دەرخواردی مارەکانی زەحاک داوە. بە وتەی شەرەفخان پاش ماوەیەکی زۆر ئەم گەنجە ڕزگاربووانە لە دەرەوەی شار و لە چۆڵگەیەکدا حەشیمەتیان زۆر دەبێ و دەبنە خاوەنی زمانێکی تایبەت بە خۆیان.[13] شەرفخان ئەگەرچی درێژەی چیرۆکەکە ناگێڕێتەوە بەڵام وەک ئەوەی باوە و لە زمانی فیردەوسییەوە گشتگیر بووە کاوەی ئاسنگەر دەبێتە پێشەنگی ئەم کوردانە و زەحاک دەکوژێ، خەڵک ڕزگار دەکا و فەرەیدوون دەبێتە پادشای نوێ.

نووسەرانی ڕۆژنامەی ژین کەڵک لە چیرۆکی کاوە وەردەگرن و وەک چێژنێکی نەتەوەیی پێناسەی دەکەن، بەڵام ئەوان پێیان وایە ئەم جێژنە لە ٣١ی ئاگۆست و لە هاویندایە. لە وتاری دەستپێکی ژمارەی

چوارده‌ی ژیندا پیرۆزبایی سه‌ری ساڵ (سرسال تبریکی) کراوه‌ و جیاوازییه‌کی گرنگ له‌ نێوان جێژنــی نه‌ته‌وه‌یی، جێژنــی ئایینی و جێژنی کۆمه‌ڵایه‌تــی دانراوه‌. به‌ باوه‌ڕی نووســه‌رانی ژین ســه‌رکه‌وتنی کاوه‌ به‌ســه‌ر سته‌مکاریی زوحاک و هه‌روه‌ها له‌دایکبوون و گه‌یشتن به‌ ده‌سه‌ڵاتی سوڵتان ســه‌لاحه‌ددینی ئه‌یووبی هه‌ردووکیان جێژنی نه‌ته‌وه‌یی کوردن. دواتر باس له‌وه‌ ده‌که‌ن که‌ له‌ کوردستان هه‌مووان ئــاگاداری جێژنه‌ ئاینییه‌کانن و هه‌ربۆیه‌ زیاتر شــرۆڤه‌ی ناکه‌ن. بــه‌ باوه‌ڕی ئــه‌وان ٢١ی مارس ســه‌ری ساڵی کوردییه‌ و ئه‌وان وه‌کوو جێژنێکــی کۆمه‌ڵایه‌تی نــاوی لێ ده‌به‌ن که‌ خه‌ڵکــی کورد تیایــدا ئاهه‌نــگ ده‌گێڕن و سه‌ردانی یه‌ک ده‌که‌ن. به‌ باوه‌ڕی ڕۆشنبیرانی جه‌معییه‌تــی ته‌عالی هه‌ر نه‌ته‌وه‌یه‌ک ڕۆژانی جێژن له‌ ڕۆژانی دیکه‌ جیا ده‌کاته‌وه‌ و تیایدا پێده‌که‌نێ و چێژ وه‌رده‌گرێ.[١٤]

که‌واته‌ ئه‌گه‌رچی له‌ بازنه‌ی ڕۆشــنبیرانی ژینــدا ســه‌رکه‌وتنی کاوه‌ به‌ســه‌ر زوحاکی ســته‌مکاردا له‌گه‌ڵ ڕۆژی نه‌ورۆز و ســه‌ری ساڵ یه‌کسان ناکرێ، به‌ڵام هه‌م کاوه‌ ده‌کرێته‌ ســیمبۆلی خه‌باتکارێکی کوردی دژه‌سته‌م و هه‌م ســه‌رکه‌وتنه‌که‌ی به‌سه‌ر زه‌حاکدا وه‌ک جێژنێکی نه‌ته‌وه‌یی پێناســه‌ ده‌کرێ. یه‌کێک لــه‌ به‌رچاوترین نووســه‌رانی ژیــن کوردییه‌ به‌تلیســییه‌ (نــاوه‌ ڕاســتییه‌که‌ی خه‌لیـل خه‌یاڵــی)[١٥] کــه‌ ڕۆژی ٣١ی ئاگۆســت وه‌ک ڕۆژی ئازادیــی نه‌ته‌وه‌یــی پێناســه‌ ده‌کا.[١٦] گرنگیدان به‌ پرسی ڕۆژی نه‌ته‌وه‌یی له‌ کوردســتان له‌به‌ر به‌رکه‌وتنی ڕۆشنبیرانی کــورد له‌گه‌ڵ کولتــووری ڕۆژاوایــی بووه‌ و مه‌حموود ســه‌لیم به‌گ ئامــاژه‌ی به‌وه‌ داوه‌ ئه‌ورووپییــه‌کان پرســیار لــه‌وان ده‌که‌ن که‌ ڕۆژه‌ نه‌ته‌وه‌یی‌یه‌کانتــان چیــن؟[١٧] هه‌وڵی ڕۆشــنبیرانی ژین ئه‌وه‌ بووه‌ نیشــانی بده‌ن که‌ کورد نه‌ته‌وه‌یه‌کــی مێژووییه‌ و ئه‌رکی ئه‌وانه‌ بــۆ ژیانه‌وه‌ی کورد و به‌ده‌ســتهێنانی مافه‌ نه‌ته‌وه‌یی‌یه‌کانی خه‌ڵک له‌ مێژووه‌که‌یان ئاگادار بکه‌نه‌وه‌.

جێی ئاماژه‌یــه‌ چه‌ند که‌س له‌ ئه‌ندامانی جه‌معییه‌تــی ته‌عالیــی کوردســتان وه‌کوو ئێحسان نووری پاشا، تۆفیق وه‌هبی، پیره‌مێرد و بنه‌ماڵــه‌ی به‌درخانییــه‌کان[١٨] ده‌ورێکــی گرنگیــان له‌ ســازکردنی بیــری نه‌ته‌وه‌ییدا هه‌بــووه‌. به‌تایبــه‌ت پیره‌مێــرد (١٨٦٧-١٩٥٠) دوای گه‌ڕانــه‌وه‌ی له‌ ئیســتانبۆل و نیشته‌جێبوون له‌ سلێمانی له‌ ساڵی ١٩٢٥دا وه‌ک هه‌وڵێکی تاکه‌که‌سیی ساڵانه‌ له‌ گردی مامه‌یــاره‌ ئاگــری نــه‌ورۆزی کردووه‌تــه‌وه‌. ماندوویی‌نه‌ناســیی پیره‌مێــرد و به‌رده‌وامیی له‌ســه‌ر زیندووکردنــه‌وه‌ی نه‌ریتێکــی کۆن بــۆ مــاوه‌ی دوو ده‌یه‌، ده‌ورێکــی گرنگی له‌ سه‌قامگیربوونی جێژنی نه‌ورۆز وه‌ک بۆنه‌یه‌کی نه‌ته‌وه‌یــی و ســازکردنی کۆیاده‌وه‌رییه‌کــی هاوبه‌ش له‌ کوردســتان هه‌بــووه‌. پیره‌مێرد بێ‌ئه‌وه‌ی باسێکی سیاسی بێنێته‌ ئاراوه‌، پێی وایه‌ نه‌ریتێکی کۆنی ژیاندووه‌ته‌وه‌ و هه‌روه‌ک چۆن له‌ کۆتاییی هه‌ندێــک وتاریدا ئاماژه‌ی پــێ داوه‌ "کورده‌ ناگۆڕێ، تا ده‌چێته‌ گۆڕێ!" هه‌وڵی تاکه‌که‌سی و ڕه‌نجه‌ڕۆییی پیره‌مێرد بۆ ژیانه‌وه‌ی نه‌ریتی باو و باپیران ســه‌ره‌تا جێی په‌سه‌ندی زۆر که‌س نه‌بووه‌. پیره‌مێرد ئێواره‌ی سه‌ری ســاڵ چووه‌ته‌ سه‌ر گردی مامه‌یاره‌ و له‌وێ ئاگری کردووه‌ته‌وه‌، دوازده‌ ســه‌ماوه‌ری بــردووه‌ له‌گه‌ڵ خۆی و به‌ به‌شــداربووان چا، گوێز و مێوژ و حه‌لواگه‌زۆی داوه‌ و له‌گه‌ڵیاندا کنگری کولاو و یاپراخیان خواردووه‌.

بــه‌ په‌ره‌ســه‌ندنی ئــه‌و بۆنه‌یــه‌ له‌نــاو گه‌نجانــدا، پیره‌مێــرد له‌ لایه‌ن به‌رپرســانی شــار و ئایینداره‌کانه‌وه‌ که‌وتووه‌ته‌ به‌ر ڕه‌خنه‌ و به‌ربه‌ستی بۆ ســاز کراوه‌. تۆمه‌تی ئه‌وه‌یان لێداوه‌ کــه‌ مه‌جووســی و ئاگرپه‌ره‌ســته‌ و ئه‌ویــش چه‌ندین جار له‌ وتاره‌کانیدا دووپاتی کردووه‌تــه‌وه‌ کــه‌ ئــه‌و ته‌نیا ده‌یهــه‌وێ به‌ بڵێسه‌ی ئاگری نیاکان، ڕاگوزه‌ری ئاینده‌کان

ڕوون بکاتــەوە و "پیرەمێــردی خوێنــدەوار دەزانێ ئاگرێک خۆی بیکاتەوە و خۆی بتوانێ بیکووژێنێتــەوە، چۆن دەیپەرەســتێ!"[١٩] لە ساڵی ١٩٤٣ دەستپێشخەریی ئەوەی هەبووە کە لە کاتێکدا جێژنی مەولوود کەوتووەتە ناو بۆنەی نەورۆزەوە، هەر دوو جێژنەکەی پێکەوە گرتــووە و هەربۆیە لەوبارەوە نووســیویەتی: "نییەتــی مەولوود لــە نــەوروز دێنین \ لە گردی یارە مەولوود ئەخوێنین."[٢٠] هەروەها پیرەمێرد کۆڵنەدەرانە پشــتگیریی گەنجانی کردووە کە گۆرانی بڵێن و هەڵپەڕن، ئەگەرچی ڕەشبەڵەکیان نەبووە و ژنان بەجیا هەڵپەڕیون. ڕەشۆڵ و دەنگخۆشــانی ئەوکاتی بانگهێشتی بۆنەی نــەوروز کردووە و لە لای ئەو "دەنگی دەهۆڵ و زورنــا لە پیانــۆی ئەورووپییەکان خۆشتر بووە."[٢١]

پیرەمێــرد لــە بەسیاســیکردنی بۆنەی نــەورۆز نیگەران بووە و هــەر لەبەر ئەمەش هەندێک لــە گەنجان ئەویان بــە پەیوەندی لەگەڵ دەســەڵاتی بریتانیا لە عێراق تۆمەتبار کــردووە. وا دەردەکــەوێ لایەنگرانی حیزبی شــیوعی (کۆمۆنیســت) ناکۆکییــان لەگەڵ پیرەمێرد هەبووە و ویستوویانە خۆیان جێژنی نــەورۆز بگرن. هەربۆیــە پیرەمێرد ئەو تاقمە تۆمەتبار دەکا کە ویســتوویانە نەورۆز بکەنە پڕۆپاگانــدەی "حیزبی حیزبــان"[٢٢]؛ هەژار موکریانی لە چێشــتی مجێوردا بەم شێوەیە باس لەم کێشــەیە دەکا: پیرەمێرد ڕۆژنامەی ژینی دەنووســی. بۆ یەکەم جار لە دنیادا و بۆ ئاخر جاریش ڕۆژنامەیەک لە ڕۆژگارێکدا چوار ژمارەی لێ چاپ دەکرا، چونکە ئیعلانی چوار ئێدارانی بڵاو دەکــردەوە. نە کەس دەیکڕی، نە کەس دەیوێرا بیفرۆشــێ. گوناهیشی هەر ئەوە بــوو کە دەیگــوت با کــورد بین و بە دڵ کۆمۆنیســت نەبین. جێژنی نەورۆزیشــی دەگرت کە بە لای کۆمۆنیســتانەوە کفر بوو... پیرەمێــرد چاپخانەی خــۆی هەبوو؛ لە ماڵی دنیاش ناســاز نەبوو. هەموو ســاڵان جێژنی نەورۆزی لــە گردی مامەیارە دەگرت و لاوی کۆ دەکردنەوە و شیعر و وتاری تێدا دەگوترا و داوەتی جێژنە دەگیرا. کە کۆمۆنیستی پەرەی ســاند نەیانهێشــت نەورۆز بگرێ. مەقاڵێکی زۆر جوانی نووســیبوو؛ ئــەوەم لەبیر ماوە کە لە پاش باســێکی جوانی نەورۆز نووسیبووی: «بەڵام ئەمســاڵ لە سایەی حیزبی حیزبانەوە نەورۆزەکەمان لێ تاڵ بوو!».[٢٣]

دیارە مشــتومڕی سیاسیی ئەو سەردەمە هێندە بەو ســادەیی‌یەش نەبــووە کە هەژار دەیگێڕێتــەوە، چونکە دەزانیــن لە نەورۆزی ١٩٤٦دا و لە گردی مامەیارە جۆن ئەدمۆندز (١٨٨٩-١٩٧٩)، ڕاوێژکاری بریتانیا لە عێراق و هــاوکاری تۆفیــق وەهبــی لە نووســینی فەرهەنگی کوردی - ئینگلیزی، بەشدار بووە و پیرەمێرد بە ڕێزەوە باسی دەکا. بەڵام هەر لەم بۆنەیەدا برایم ئەحمەد و فایەق بێکەســیش بەشــدار دەبن و پیرەمێردیش نیگەران بووە کە ئەوان ببنە هۆی تێکدانی بۆنەکە. هەڵبەت فایەق بێکەس بوێرانە هەڵدەستێ و ڕوو دەکاتە ئەدمۆندز و شــێعرە بەناوبانگەکەی بیست و حەوت ســاڵە دەخوێنێتەوە. فایەق بێکەس لەم شێعرەدا بەرپەرچی دەســەڵاتی بریتانیا لە کوردســتان دەداتەوە و دەنووسێ: "بیست و حەوت ســاڵە تاڵە ژیانم \ لەژێر دەســتیی تۆ زۆر پەرێشــانم \ لە ئینسان ناچم، عەینی حەیوانم \ کــەی ڕزگار ئەبم ماڵی وێرانم؟ \ وا بــە خۆت ئەڵێیت «حامــی»ی گەلانم."[٢٤] بە وتەی شــێخ نووری شــێخ ساڵح (١٨٩٦-١٩٥٨)، لە ئامادەبووانی جێژنی نەورۆز، فایەق بێکەس کە بەندیخانەی لە لای کۆشکی وەزیر بووە، هێندە شێعرخوێندنەوەی خۆش بووە کە هێشتا دەنگی لە گوێیدا دەزرینگێتەوە و ئەمە لــە کاتێکدایە ئەدمۆنــدزی کوردیزان هەروا واقی ورماوە.[٢٥]

ئــەوەی لە کۆتاییی تەمەنــی پیرەمێرددا جێی سەرنجە کە خۆی لەم ڕەخنانە ئاگادارە و لــە لایەکــەوە لەبــەر ڕووخانــی کۆماری

کوردستان لەو ساڵەدا ئاگری نەورۆز ناکاتەوە و دوابەدوای ئەوە شێعری بەناوبانگی نەورۆز بە پێشنیاری برایم ئەحمەد و حیزبی دێموکراتی کوردستان (پارتی) دەنووسێ، لە لایەکیشەوە لە دوایین نەورۆزی تەمەنیدا گلەیی دەکا کە کەسانێک دەیانەوێ نەورۆز سیاسی بکەنەوە و ئاشووبیان ساز کردووە و ئەو دۆخە ئاساییەیان تێک داوە کە "خوا پێی ڕەوا دیبووین، نانێکی ڕەحەتی و پێشەوایەکی نەوەی هاشمی [ئەفیسەڵی دووەم] و سایە و پەنایەکی ئاسوودە و دیانەتێکی ئیسلامی [مان هەبوو]."[۲۶]

بۆ تێگەیشتن لەم ناکۆکییە دەبێ بۆ هەنگاوە نوێیەکانی گەشەی خەباتی کوردایەتی لە باشووری کوردستان بگەڕێینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان (پارتی) پاش کۆماری کوردستان جموجووڵی ساز کردووە و پیرەمێرد بەتایبەت لە ڕێگەی شێعری نەورۆزەوە تیایدا بەشدار بووە. پیرەمێرد ئەم شاکارەی ساڵی ۱۹۴۸ وتووە (دوو ساڵ پێش کۆچیدوایی) و لە لایەن حەمەساڵح دیلان و حەسەن زیرەکەوە بە گۆرانی وتراوەتەوە. ئەوەی ڕاستی بێ، جگە لە ئاوازێکی ناوازە کە لەسەر ئەم شێعرە دانراوە، ناوەڕۆکە حیماسی و شۆڕشگێڕانەکەی هۆی مانەوەی بوون تاکوو ئێستا و تەنانەت دەکرێ بوترێ شێعری نەورۆز بووەتە بەشێک لە میراتی مەعنەویی نەتەوەی کورد. وردبوونەوە لە بەستێنی هۆنینەوە و ناوەڕۆکی شێعری نەورۆز ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی ئەم هەڵبەستە هێندە پێگەیەکی بەرزی لە کوردستاندا هەیە.

پیرەمێرد پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ساڵی ۱۹۴۷ نەورۆز ناگرێ و ئاگر ناکاتەوە. لە وتارێکدا بە ناوی بەهاری من لە ڕۆژنامەی ژین (کە خۆی لە سلێمانی خاوەن ئیمتیازی بووە) باس لەوە دەکا هەموو ساڵێک لە گردی یارە (مامەیارە) ئاگرم دەکردەوە، "وا ئەمساڵ ئاگری نەورۆز کەوتە جەرگ و دەروونمەوە، فتوام دا نەورۆز نەبێ."[۲۷] لە درێژەدا بۆ دەربڕینی خەمی خۆی کە بۆچی نەشئەی نییە و نەورۆز ناگرێ، تەنیا شێعرێکی وەلی دێوانە وەک حسێبحاڵی خۆی دێنێتەوە. شێعرە هەرەجوانەکەی وەلی دێوانە بەم شێوەیە دەست پێ دەکا: "ئەمساڵ وەبەختم بێفەڕ نەوبەهارا\ زەوقی زیندەگیم بوو بە ژاری مار." و بەم شێوەیە کۆتایی پێ دێ: "بەهاری ئەمساڵ جەستەم پەشێوە\ کەس و کارەکەم نایەن لە ڕێوە." دەبینین ساڵی دواتر پیرەمێرد لە شێعری نەورۆزدا هیوا و وەرەی بەرز دەبێتەوە و خوێنی لاوەکان بە هۆکاری ڕسکانی گوڵی ئاڵی "نەوبەهار" دەزانێت؛ نەورۆز وەها ئاگرێک دەخاتە جەرگی لاوانەوە کە بەرەوپیری مەرگەوە دەچن و کچان سینگی خۆیان دەکەنە قەڵغان. لە کۆتاییشدا شادیڕەکەی دەنووسێتەوە: "پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین \ نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین." نیشانە شێعرییەکان دەری دەخەن پیرەمێرد ئەگەرچی ڕووخانی کۆمار و شەهیدبوونی پێشەوا بۆ ماوەیەک دەستەوئەژنۆی کردووە، بەڵام بێهیوا نەبووە، نەوبەهاری لەلا ژیاوەتەوە و بە سەربەرزییەوە باس لەوە دەکا کە کەسوکارە شەهیدەکەی بە نەمری لە دڵی میللەتا دەژین.

ئەگەرچی پیرەمێرد باس لە ئوستوورەی کاوە و ڕووخانی ستەمکاریی زەحاک ناکا، بەڵام لە ڕێگەی بووژانەوەی بۆنەی نەورۆز و بەسیمبول کردنی ئاگر و گرێدانەوەی بۆ شۆڕش و خوێنی شەهیدانەوە، ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکا کە لە ساڵانی دواتردا ڕۆشنبیرانی کورد نەورۆزی دژەستەم لەگەڵ ئوستوورەی کاوە پێکەوە گرێ بدەنەوە. سەرچاوەی فیکریی پیرەمێرد هەم بۆ بەستێنی فکری جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دەگەڕێتەوە و هەم دەکرێ بوترێ گرنگیی نەورۆز لە کۆماری کوردستاندا کاریگەریی لەسەر سازبوونی

لایەنی شۆڕشگێڕانەی ئەندێشەی پیرەمێرد و نەوەی دوایی هەبــووە. هەروەک دەزانین، لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا تەنیا دەرفەتی یەک بۆنەی نەورۆز ڕەخســاوە و لە ڕۆژنامەی کوردســتاندا باس لــە بەڕێوەچوونی جێژنی نەورۆز لــە مەهاباد کراوە کــە تیایدا خەڵک لە ســایەی ئــازادی و ڕزگاری لە زوڵم و زۆر کەیفخۆش بوون. پێشــەوا لە ڕۆژی نەورۆزدا پیرۆزبایی لە خەڵک، پێشمەرگەکان و هێزی پێشمەرگەی بارزانی کردووە.[٢٨] مەلا مستەفا بارزانیش لە نوتقــی خۆیدا پیرۆزبایی جێژنی میللیی سەربەستی دەکا کە خوێنی بۆ ڕژاوە و باس لەوە دەکا کە ئاگری موقەددەسی کوردی داگیرســاوە. هەروەها نووســەرانی ڕۆژنامەی کوردســتان هەوڵ دەدەن لــە چوارچێوەی پێکهاتەی سیاسیی کۆماردا باسی نەورۆز شی بکەنەوە.

بــۆ نموونە قادر مودەڕیســی لــە وتاری جێژنی نەورۆزی کورددا پێی وایە زەردەشــت کورد بووە و ئاڤێســتا بە لەهجەیەکی زمانی کــوردی نووســراوە و نەورۆزیــش هەر لەو کاتەوە جێژنی کوردانە. لە درێژەدا دەنووســێ "داخەکــەم چەند ســاڵ بوو لەبــەر زوڵم و زۆری دیکتاتــۆری ئەو جێژنە خۆشەویســتە لەبیر چوو بووەوە و خۆشــبەختانە ئەو ســاڵ کە ئەســتێرەی بەختی کورد لە ژێر هەوری چارەڕەشــی هاتە دەر، ئەو جێژنە تازە کراوە و بە سڵامەتی پێشــەوای کوردستان تیکرار و تازە کرایەوە."[٢٩] سەیدمحەممەد حەمیدی، سەرنووســەری ڕۆژنامەی کوردســتانیش لە کۆتاییــی وتارەکــەی خۆیدا ســەبارەت بە بەرپەرچدانــەوەی ئەوانەی پێیــان وایە ئەم جێژنە هیی کوردان نییە، دەنووســێ: "برایان لە خــودا دەخوازم وەکوو لــەم ڕۆژەدا خودا تەواوی عالەمی تەبیعەتی لە ســەرما و سۆڵ و تــەم و مژ نەجــات داوە و ئازادی کردوون تەواوی کوردەکانی کوردســتانی گەورەش لە زنجیری ئەسارەت و دیلی ئیستیعمار نەجات بدا."[٣٠] هەر لەو نەورۆزەدایە هێمن (١٩٢١-١٩٨٦) وەک شــاعیری میللــی دەنووســێ: "ڕەفیقــان ڕۆژی کوردانــە، بەهــارە، جێژنی نەورۆزە \ نەمــان بێگانە تاکوو جێژنەمان لێ تاڵ بکا ئەوساڵ."[٣١]

دەکرێ بوترێ نیوەی یەکەمی ســەدەی بیســتەم قۆناغی بووژاندنەوەی بۆنەی نەورۆز وەک جێژنێکــی نەتەوەییە. ڕۆشــنبیرانی کورد هــەوڵ دەدەن لە ڕێگەی نیشــاندانی مێژوویــی بوونــی نــەورۆز هەندێــک چالاکیی تایبەت بــە جێژنێکی کوردی دەستنیشــان بکەن کــە گرنگترینیان کردنــەوەی ئاگر لە ڕۆژی نەورۆزدایە. بەڵام دەبێ چاوەڕێی هاتنە مەیدانی حیزبە کوردییەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بین تا گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی بتوانێ مانایەکی دژەســتەم بۆ نەورۆز ســاز بکا و لەو ڕێگەیەوە جێژنی نەورۆز وەک کارنەڤاڵێکی دژەکۆلۆنیالیستی ببێتە یەکێک لە ئەستوونەکانی خەباتی کوردایەتی.

## نەورۆز: لە جێژنێکی نەتەوەیی‌یەوە بەرەو کارنەڤاڵێکی دژەکۆلۆنیالیستی

لــە ســاڵانی ١٩٤٧ بەدواوە بــە ئامادەبوونی حیزبــی دێموکــرات (پارتی) لە باشــووری کوردســتان و هەروەهــا بەهێزبوونی گوتاری مارکســیزم لە چوارچێوەی حیزبی شیوعیدا لە شاری سلێمانی دوو بۆنەی نەورۆز گیراوە. بەرەبەرە ڕۆشــنبیرانی کورد هــەوڵ دەدەن مانایەکی دژەســتەم بۆ نەورۆز بدۆزنەوە و لە گوتاری کلاســیکی نەورۆز بە دالی سەرەکیی بووژاندنــەوەی سرووشــت و جێژنێکــی کۆمەڵایەتــی بــەرەو نەورۆزێکی دژەســتەم هەنــگاو هەڵبێنن کــە تیایدا دالــی کاوەی زوحاککوژ دەبێتە هۆی ئەوەی بەســتێنێکی ئوستوورەیی بۆ کارنەڤاڵی دژەکۆلۆنیالیستیی نەورۆز ســاز ببــێ. لەم قۆناغــەدا گرنگترین خەباتی کوردی لە باشــووری کوردستان بە ناوی شۆڕشــی ئەیلوول (١٩٦١-١٩٧٠) ساز

دەبێ کە لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە سەرنجی خەباتکارە کوردەکان بۆ لای خۆی رادەکێشێ و پشتگیرییەکی بەربڵاوی جەماوەری بەدوای خۆیدا دێنێ.

ئەم بەستێنە نوێیەی خەباتی کوردایەتی وەکوو هەموو شۆڕشەکانی دیکە پێویستی بە جماندنی کۆمەڵانی خەڵک بووە. رۆشنبیرانی کورد پێش دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول، جێژنی نەورۆز لەگەڵ ئوستوورەی کاوە لێک گرێ دەدەنەوە. رەنگە یەکەم نیشانەکانی ئەم گرێدانە لەناو شاعیرانی رۆژهەڵاتەوە سەری هەڵدابێ. قانع (١٨٩٨-١٩٦٥) لە کتێبی چوارباخی پێنجوێن (چاپی ١٩٥٣) شێعرێکی بە ناوی نەورۆزنامە هەیە و تیایدا جێژنی نەورۆز وەکوو جێژنی نەتەوەی کورد ناو دەبا کە لە کۆنەوە هەبووە و "لە نەورۆزا بوو کاوە، مێشکی زەححاکی کە دەرهێنا \ هەر ئەم نەورۆزەیە رۆژی فتووحاتی هەڵۆخانە."[٣٢] لەم شێعرەدا قانع بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش هەم نەورۆز دەکاتە جێژنێکی نەتەوەیی و هاوکاتی دەکا لەگەڵ سەرکەوتنی کاوە بەسەر زوحاکدا و یەک دەگرێتەوە. واتە چی تر وەک بیرۆکەی رۆشنبیرانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان سەرکەوتنی کاوە بەسەر زوحاک لە هاویندا رووی نەداوە و قانع هەر دوو جێژنەکە دەکاتە یەک جێژن و هێندە بەرز دەینرخێنێ کە تەنانەت پێی وایە سەرکەوتنە مەزنەکانی گرنگترین میری ئەردەڵان واتە هەڵۆخان (دەسەڵاتەکەی لە نێوان ساڵانی ١٥٩٠ تا ١٦١۶ بووە) هەر لە نەورۆزدا بووە. دوابەدوای ئەمە نافیع مەزهەر (١٩١٣-١٩٩٨) لە ساڵی ١٩٥٧ بۆ جێژنی نەورۆز لە نەکەرۆزی سەقز دەنووسێ "وتی: ئەم جەژنەی کاوە و فەرەیدوون \ لە کوردانی پاک پیرۆز بێ پیرۆز."[٣٣]

دەکرێ کۆتاییەکانی دەیەی پەنجا و دەیەی شەستی زایینی سەدەی بیستەم وەکوو سەرهەڵدانی گرێدانی نەورۆزی نەتەوەیی و ئوستوورەی کاوە سەیر بکرێ. عوسمان عوزێری (١٩٣۶-١٩۶۶) لە رۆژی نەورۆزی ١٩٥٨دا نەورۆز وەکوو جێژنی پیرۆزی کوردستان پێناسە دەکا کە جێژنی نەوەی کاوەی شێر و قارەمانە.[٣٤] عارف عورفی (١٨٩۶-١٩۶١) لە بۆنەی نەورۆزی ١٩۶٠ جێژنی نەورۆز بە رەزمی کاوەوە گرێ دەداتەوە.[٣٥] گۆران (١٩٠۴-١٩۶٢) سەرەتا لە شێعری زیندانی ئەژدەهاک: بۆ بتەکانی فاشیزم (١٩٥٣) باسی کوردبوونی کاوەی چەکوشوەشێن دەکا، بەڵام چەند ساڵی پێدەچێ تا لە شێعری نەورۆزدا (١٩۶٠) باس لە رەنجی کاوە بۆ ئازادیی گەل بکا تا زنجیری ئەژدەهاک لە گەردەنی نەتەوەی کورد داماڵێ و بنووسێ: "ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەف قەف برا! \ رۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان، در."[٣۶] هەژاریش (١٩٢١-١٩٩١) بۆ نەورۆزی ١٩۶٠ شێعرێک بۆ پشتی کارت پۆستاڵ دەنووسێ: "ئەو کوتکی کاوەی نەمر دایوەشاند \ نەبەردی کوردی لە دنیا گەیاند؛ گڕی شۆڕشمان با دوژمن سۆز بێ \ هەردەم نەورۆز بێ و جەژن و پیرۆز بێ."[٣٧]

مامۆستا ع. ع. شەونم (عەلی عەبدوڵڵا سۆفی محەممەد؛ ١٩٢٥-٢٠٢٠) شاعیری هەڵبەستە ناودارەکەی نەورۆز دەگێڕێتەوە کە لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولدا لە ساڵی ١٩۶١ پێشمەرگەکان لە ئەنجامی شکەستێکدا تووشی دڵساردی ببوون و ئەویش بیری لەوە کردووەتەوە کە وەک ئەدیبێک بۆ رەوانەوەی بێزاریی ئەوان دەبێ چ بکا تا کورد ورەی بەرز بێتەوە. هەربۆیە سروودی نەورۆز دادەنێ و هەر بەخێرایی بۆ جێژنی نەورۆزی ١٩۶٢ دەکرێ بە گۆرانی.[٣٨] ئەم شێعرە بەرزە لە لایەن رەفیق چالاک، برایم خەیات و ناسر رەزازییەوە وتراوەتەوە. شێعری نەورۆز ئاوا دەست پێ دەکا: "جەژنە جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆزە \ بە تیشکی ئاگر ئەنووسم جەژنە پیرۆزە" و شاعیر پرسیار دەکا




https://m.facebook.com/people/Kurd

بۆ وەک گەلانی دیکە ئێمەی کورد مافی سەربەستیمان نییە؟ و بەم شێوەیە کۆتایی پێ دێ: ”مێژوومان چەن زوحاک و ماری خستە چاڵ چەن کەسی کرد بە گوڵ بۆ بەهاریساڵ.“[٣٩] هەر وەک مامۆستا شەونم ئاماژەی پێداوە خەڵک لە گەلاڵە بۆ ماوەی دە ڕۆژ بەو سروودەوە جێژنیان گرتووە.

لەم قۆناغەدا شاعیران و نووسەرانی کوردستان وەکوو جەمیل ڕەنجبەر (١٩٤٩-١٩٨٠)، محەممەد ساڵح دیلان (١٩٢٧-١٩٩٠)، کاکەی فەلاح (١٩٢٨-١٩٩٠)، هەژار، هێمن و جگەرخوێن (١٩٠٣-١٩٨٤) هونەرمەندانە و بەشێوەیەکی تەواو کاریگەر جێژنی نەورۆز دەکەن بە سیمبولی خۆڕاگری و لەگەڵ ئوستوورەی کاوە تێهەڵکێشی دەکەن. کردنەوەی ئاگری نەورۆز لەم کاتەوە ئیتر دەبێتە بەشێکی جیانەکراوە لە خەباتی کوردایەتی. لە دوای سەقامگیربوونی ئاگری نەورۆز و تایبەتمەندیی دژەستەمی ئەم بۆنەیە، بەرەبەرە لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش جێژنی نەورۆز جێی خۆی لە خەباتی ڕزگاریخوازیی کورددا دەکاتەوە. بەڵام هەر کام لە پارچەکانی دیکە بەپێی تایبەتمەندییەکانی خەبات بە شێوازێکی جێی سەرنج پەرەی زیاتر بەم جێژنە دەدەن و زیاتر لە جاران لایەنی سیاسییەکەی بەرجەستە دەکەنەوە.

یەکێک لە وێنا شێعرییە جوانەکانی وێکچواندنی پێشمەرگە بە کاوە، هیی هێمنە (تاریک و ڕوون، ١٩٦٨) کە تیایدا هاتووە: ”کوتکی کاوە و هێزی پێشمەرگەی دڵسۆز \ ڕۆژی ڕەشی کردە نەورۆزی پیرۆز؛ مێشکی پڕا ئەژدەهاکی مێشکخۆر \ جەللادەکەی ئەستۆی کەوتە بەر ساتۆر“[٤٠] شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠-٢٠١٣) لە شانۆنامەی کاوەی ئاسنگەردا (١٩٧١) شۆڕشی چەوساوەکانی کوردستان بە ڕاپەڕینی کاوە دەشوبهێنێ و لە کۆتاییدا دەنووسێ: ”پشتی ئەژدەهاکمان شکان؛ با ئەم

ڕۆژە جەژنی گەل بێ؛ جەژنی ژیان؛ جەژنی کوردە چەوساوەکان؛ با ئاگری ئەم نەورۆزە؛ لەسەر لووتکەی بەرزی وڵات؛ هەتاهەتایە بسووتێ؛ بڵێسەکەی هاوار بکات؛ بڵێ: نەوەی ئادەمیزاد؛ کورد بوو یەکەم ڕاپەرینی؛ شۆڕشی سوور بەرپا بکات."[٤١] هەر کام لەم وێنە ئەدەبییانە لە جێی خۆیدا کاریگەرییان هەبووە، بەڵام ڕەنگە هیچ کامیان وەکوو شێعری "کی مە ئەز"ی جگەرخوێن لە ساڵی ١٩٧٣ نەبووبێتن بە هۆی جۆش و خرۆش لە کوردستان. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شڤان پەروەر بە دەنگە سیحراوییەکەی لایەنی شۆڕشگێڕانە و ناسنامەخوازەکەی ئەم شێعرەی چەند بەرانبەر بەهێزتر کردووە. شڤان پەروەر هەڵبەت لە ئالبۆمی کی نە ئەم (١٩٧٨) هەندێک لە هەڵبەستەکەی گۆڕیوە، بەڵام لە هەر دوو نوسخەکەدا باس لە نەورۆز وەک ڕۆژی ڕزگاری لە ستەمی زەحاک بە دەستی کاوەی ئاسنگەر دەکرێ.

هەر لەم سەردەمەدا و بە بەهێزبوونی بیری مارکسیستی بەتایبەت لە باکووری کوردستان و سازبوونی حیزبی پەکەکە لە ساڵی ١٩٧٨، ڕۆشنبیرانی چەپ هەوڵ دەدەن کاوەی ئاسنگەر لەگەڵ چەمکە مارکسیستییەکان تێهەڵکێش بکەن. هەر لەم ساڵەدایە کە گۆڤاری کاوە لە ئانکارا دەردەچێ و لە ژمارەی یەکەم و دووەمدا باس لەوە دەکرێ کە هەوڵی ئەوان زیندووراگرتنی ڕۆحی خەبات و خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانەی کاوە لە بەرانبەر زەحاکەکانی سەردەم واتە کۆلۆنیالیست و ئیمپریالیستەکانە. نووسەرانی کاوە پێیان وایە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی ئاڵمان بۆ سپارتاکوس دەگەڕێتەوە و کاوەش سپارتاکوسی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان.[٤٢] دەکرێ بوترێ کۆتاییەکانی دەیەی هەفتا تا کۆتایی سەدەی بیستەم ئاوێتەیەکی مارکسیستی و ناسیۆنالیستی لە لایەن ڕۆشنبیرانی باکووری کوردستانەوە سەبارەت بە نەورۆز و ئوستوورەی کاوە پێشکەش دەکرێ و هەوڵ دەدرێ ناکۆکییەکانی نێوان خەباتی چینایەتی و پرسی نەتەوەیی کورد هەر لەم ڕێگەوە چارەسەر بکرێ.

بۆ نموونە لە بڵاوکراوەی کۆمیتەی ڕێکخستنی نەورۆز لە مونیخی ئاڵماندا هاتووە کە مێژوو ململانێی نێوان چینی کرێکار و چینی باڵادەستە، و نەورۆز و خەباتی کاوەی ئاسنگەر لەگەڵ ئەم تێروانینەدا دەگونجێت.[٤٣] لە ساڵی ١٩٧٧ مارکسیستە کوردەکان لە تورکیا لە ڕۆژنامەی بەرەو سەربەستی بەڕوونی باس لەوە دەکەن کە "لە مێژووی گەلی کورددا نەورۆز وەکوو سیمبولی خەباتی ئازادی و سەربەخۆییخوازی لە بەرانبەر بە ستەمکاری، گوشار و ملکەچبوون بەرجەستە دەبێتەوە. نەورۆز ڕەنگدانەوەی تینوویەتی نەتەوەیەکی چەوساوە بۆ ئازادییە... نەورۆز هێمای خەباتی دژ بە ستەمکاری و فشار و ملکەچبوونە. نەورۆز فێستیڤاڵێکی کوردییە... نەورۆز هێمای سەربەخۆیی و ڕزگاری بۆ نەتەوەیەکی بەکۆلۆنیکراوە."[٤٤]

ئەم تێروانینە نوێیە کە لە دەوری دالی سەرەکیی نەورۆز وەکوو فستیڤاڵێکی نەتەوەییی خەڵکی چەوساوەی کورد دەسووڕێتەوە، دەبێتە هەوێنی خەباتێکی ئێجگار شوێندانەر لە باکووری کوردستان لە لایەن پەکەکەوە. ڕووداوی تاڵی شەهیدبوونی مەزڵووم دۆغان (١٩٥٦-١٩٨٢) لە زیندانی ئامەددا خاڵێکی گرنگی لە گرێدانی نەورۆز و خۆڕاگری ساز دەکا. مەزڵووم دۆغان وەک کوردێکی عەلەوی یەکێک لە دامەزرێنەرانی پەکەکەیە و لە ساڵی ١٩٧٩ دەستبەسەر دەکرێ و لە نەورۆزی ١٩٨٢ لە زیندان و بە نیشانەی بەرخۆدان دژ بە ڕژیمی فاشیستیی تورکیا ئاگر لە جەستەی خۆی بەر دەدا و شەهید دەبێت. ڕۆژنامەی سەرخۆبوون کە پەکەکە دەری کردووە لە سەرەتادا ئەم ڕووداوەی وەکوو هەوڵی کەماڵیستەکان بۆ

لەناوبردنی زیندانییە کوردەکان وەسف دەکا، بەڵام سـاڵی دواتر هەمـان ڕۆژنامە مەزڵووم دۆغانـی وەکـوو کاوەی هاوچـەرخ ناوزەد دەکا.[٤٥] ئەم شێوازە لە بەرگرییە چەند جاری تر لە لایەن گەنجانەوە لە باکووری کوردستان و ئاڵمـان دووپات دەکرێتـەوە و لە گوتاری پەکەکەدا پشـتیوانی لێ دەکـرێ و ئەم خۆ بەقوربانیکردنە لەبەر ئازادیی نەتەوەیی پێناسە دەکرێ. بۆ نموونە لە نەورۆزی ١٩٩٠، زەکییە ئالـکان (خەڵکـی دێرسـیم و خوێندکاری زانکۆی دیجلە)، لە شاری ئامەد و بۆ نیشانەی بەرپەرچدانەوەی قەدەغەکردنی نەورۆز ئاگر لە جەستەی خۆی بەر دەدا و شەهید دەبێ.[٤٦]

پـاش ئەوەی نەورۆز، ئاگـر و کاوە دەبنە سـیمبولی خەباتـی کـوردی لـە باکووری کوردسـتان، دەوڵەتـی تورکیا لـە کۆتاییی سەدەی بیسـتەمدا جێژنی نەورۆز بەرەسمی دەناسـێت و وەک جێژنـی هەمـوو خەڵکی تورکیا ناوزەدی دەکا تـا لە کاریگەرییەکەی لەسەر خەباتی کورد کەم بکاتەوە. ئەگەرچی نووسینی وشەی نەورۆز بە پیتی لاتینی کوردی و تورکی مشـتومڕی زۆری لێ دەکەوێتەوە. چونکـە بەکارهێنانـی پیتـی غەیرەتورکی لە تورکیـا قەدەغەیـە و نووسـینەکەی بە کوردی کێشەی بۆ ناسیۆنالیزمی تورکی ساز کـردووە.[٤٧] بـە هەنگاونـان بـۆ سـەدەی بیسـتویەکەم و کرانـەوەی ڕێژەیی فەزای سیاسـی لە تورکیـا و چوونە نـاو پارلەمانی حیزبـی هەدەپە (دەم پارتی لە ئێسـتادا) و هەروەها ڕەنگە لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیی نوێی پەکەکەدا چی تر لەو جۆرە خۆکوژییانە کە سـیمبولی خۆڕاگری بوون، نیشـانەیەک نەبیندرێ. بەڵام ڕۆحی بەرگرییەکی قارەمانانە و گرێدانی لەگەڵ ئوسـتوورەی کاوەدا هێشتا کاریگەرییەکی بەرچاوی ماوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە گەورەشاری ئامەد و لە هەندێک لە شـارەکانی دیکەی باکووری کوردسـتان نـەورۆزی چەنـد سـەد هەزاری کەسـی دەگیرێـت و ئەم بۆنەیـە وەک کارنەڤاڵێکی سیاسیی ناسنامەخواز و دژ بە چەوساندنەوەی نەتەوەیی، ڕەگەزی و ژینگەیی خۆی پیشـان دەدا.

لە هەمان کاتدا کە لە باشووری کوردستان و دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ نەورۆز وەک بۆنەیەکی نیشتمانی سەیر دەکرێ کە چەند ڕۆژ پشوو و سەیرانە و لە ڕۆژاوای کوردستانیش بە فەرمی لـە نەورۆزدا پشـوو ڕادەگەینـدرێ. وا دێتە بەرچاو کە چی تر کارکردەکانی کارنەڤاڵێکی سیاسـی لەو دوو پارچەیەدا ناتوانێ هەڵگری مانا بێت و بۆنەی نەورۆز زیاتر بۆ فێستیڤاڵێکی کولتووریـی نەتـەوەی کـورد گەڕاوەتەوە. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە دوای داگیرکردنی عەفرین لە لایەن ئەرتەشی تورکیاوە لە ساڵی ٢٠١٨ یەکێـک لە یەکـەم کارەکانی هێزی داگیرکـەر ڕووخاندنی پەیکـەری کاوەیەک بـوو کە دوو سـاڵ بەر لەوە لـە یەکێک لە مەیدانەکانی شـار دانرا بوو.[٤٨] ئەمە نیشـان دەدا هێشتا ئاگری نەورۆز و ئوستوورەی کاوە دەتوانێ بـۆ دوژمنانی کوردسـتان و هێزی کۆلۆنیالیستی جێی نیگەرانی بێت. لە هەمان کاتیشـدا ئەگەرچی لە پارچە ئازادکراوەکانی کوردسـتاندا ڕەنگە وا هەست بکرێ چی تر پێویسـت بە بەرجەسـتەکردنەوەی لایەنی سیاسیی کارنەڤاڵی سیاسـی نەورۆز نەماوە، بەڵام ڕاگرتنی ئـەو میراتە بۆ نەوەی داهاتوو گرنگە و سـازکردنی مانای نوێ لە دووتوێی ڕاقەی نـەورۆز وەکوو بۆنەیەکی دژەسـتەم دەتوانێ یارمەتیدەری سازکردنی یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە کوردستان بێ.

## بووژاندنەوەی نـەورۆزی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەگەرچـی بۆنەی نـەورۆز لـە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو شـێوەیەی کە لە پارچەکانی تر بەربەستی بۆ سـاز کراوە، قەدەغە نەبووە، بـەڵام نزیکایەتیـی کولتـووری کـوردی و

ئێرانـــی لەمپەری ســـەرەکی بۆ ســـازکردنی مانای جیاواز و سیاســـی بـــۆ جێژنی نەورۆز بووە. من ئەم باســـەم پێشتر لە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمـــی وەخۆگردا شـــی کردووەتەوە و نیشـــانم داوە کـــە ناســـیۆنالیزمی ئێرانـــی چـــۆن سیاســـەتی کۆلۆنیالیســـتیی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگەی هێژموونیی کولتوورییـــەوە پـــەرە پـــێ داوە.[٤٩] ئـــەوەی ڕاستی بێ، کۆلۆنیالیزمی ئێرانی شێوازێک لە نەرمەبڕی و گەرموگوڕی تێدایە و هەوڵ دەدا هەموو کولتوور و مێژووی کورد وەخۆ بگرێ. جێی ڕامانە کاتێـــک کوردانی پارچەکانی تر دەیانـــەوێ نەورۆز بگـــرن و وەکوو جێژنێکی نەتەوەیـــی دەستنیشـــانی بکـــەن، تووشـــی سەرئێشەیەکی جیددی نابنەوە. چونکە هیچ کام لە نەتەوەکانی عەرەب و تورک (هەڵبەت ئێســـتا هەندێک لە تورکـــەکان بەرەو نەورۆز گەڕاونەتەوە، بێئەوەی خاوەنی کولتوورەکەی بن) نەورۆز بـــە هیی خۆیان نازانن. پیرەمێرد کێشـــەی لەگەڵ کوردە موسڵمانەکان بوو کە ئاگرکردنەوەکەی بە کولتوورێکی دژەئیسلامی و مەجووســـی دەزانن، ئەگەرنا هیچ عەرەبێک لە ڕووی هەڵنەدەهات هەتا داخوازیی ئەوە بکا کە نەورۆز هیی منیشە. هەربۆیە بە دەستێکی ئـــاوەڵاوە پیرەمێـــرد و ڕۆشـــنبیرانی دیکەی کورد لە پارچەکانی باشـــوور، باکوور و ڕۆژاوا دەیانتوانی باســـی نەورۆزی کـــوردی بکەن، ئاگری نەرۆز بکەنەوە و کەڵک لە ئوستوورەی کاوە وەربگرن.

تەنانـــەت ڕۆشـــنبیرانی پارچـــەکانی کوردســـتان جگە لـــە ڕۆژهەڵات نـــەورۆزی کوردییـــان بـــە نـــەورۆزی ئێرانیـــش ناوزەد کردووە و کوردیان بە ئێرانی لەقەڵەم داوە. بۆ نموونە کوردییە بەتلیســـی لە ڕۆژنامەی ژیندا دەنووسێ کە کوردەکان ئێرانین[٥٠] و جێژنی نەتەوەیی سەرکەوتنی کاوە بەسەر زەحاک لە کێوی دەماوەند گێراوە.[٥١] ئەوەی کە کورد لە نەژادی ئاری\ئاریاییە نەتەنیا بۆ ڕۆشـــنبیرانی کورد جێـــی پرس نەبووە، بەڵکـــوو توانیویانە لـــە بەرانبەر نـــەژادی ســـامیی عەرەبەکان و نـــەژادی تورکەکان هەم بەرگـــری لە خۆیان بکـــەن و هەم تەنانەت بە هۆی پشـــتگیریی ڕۆژهەڵاتناســـەکانەوە جاروبـــار دەبووە هۆی فەخـــر و شـــانازی کـــە کـــوردەکان لەگەڵ ئێرانییەکان لە نەژادی هێند و ئەورووپایین و لە دراوسێی تورک و عەرەبە دواکەوتووەکانی خۆیان جیاوازن. بەڵام ئەم تێکەڵییە کێشەی جیددی بۆ سازکردنی ناسنامەی سەربەخۆی نەتەوەیـــی بـــۆ کـــوردی ڕۆژهـــەڵات ســـاز کردووە. ئـــەم لێکنزیکبوونەوەی کولتووریی نەتـــەوەی بەکۆلۆنیکراو و کولتووری نەتەوەی سەردەستی کۆلۆنیالیست لە ڕوانگەی ئاشیل مبێمبـــەوە وەکوو گەرموگوڕیی ســـتەمکاری پێناسە دەکرێ.[٥٢]

مبێمبە پێی وایە شێوازی کۆلۆنیالیستیی ســـوڵتە، نەتەنیا جۆرەکانـــی کۆنتڕۆڵ بەڵکوو شـــێوازەکانی گەرموگوڕیـــش دەستنیشـــان دەکا. ســـوژەی بەکۆلۆنیکـــراو، تەنیا لە کاتی بەرپەرچدانەوە یان بەرگری کردندا دەرناکەوێ؛ بەڵکـــوو دەبـــێ ســـەیری کۆبوونـــەوەکان، کارنەڤاڵەکان و جێژنـــەکان بکەین کە چۆن مرۆڤـــی بەکۆلۆنیکراو، هەســـت بە نزیکایەتی لەگەڵ کولتووری نەتەوەی سەردەست دەکا. لێرەدایـــە کـــە مبێمبە ڕەخنە لـــە باختین و شـــێوازی بەکارهێنانی چەمکـــی کارنەڤاڵ و کارنەڤاڵیگەری لە لای ئەو دەگرێ. بە باوەڕی باختین، لەناو کارنەڤاڵدا پەیوەندییە توندوتۆڵ و نەگۆڕەکانی ژیانی ڕاســـتەقینە دەگۆڕدرێ و هەمـــووان بە شـــێوەیەکی هاوشـــێوە و بێ لەبەرچاوگرتنـــی پێگـــەی کۆمەڵایەتییان لە کارنەڤاڵدا بەشدار دەبن. گفتوگۆی کارنەڤاڵی جەماوەری و گشـــتییە کە هـــاوکات لەگەڵ ســـڕینەوەی ســـووژەی ســـوڵتە، تاکەکان لە دۆخێکـــی بەرانبەردا پێکەوە قســـە دەکەن. باختین لـــەم ڕێگەیـــەوە بەریەککەوتنی دوو فەرهەنگـــی جەمـــاوەری (کولتـــووری گاڵتە

و ڕابواردن) و فەرهەنگی ڕەسمیی کلێسە و دەرەبەگایەتی (کولتووری جیددی) لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نیشان دەدا.[٥٣]

بەڵام مبێمبە پێی وایە هەڵەی باختین لەوەدایە کە کردەوە نارەسمییەکانی ڕابواردن و گەرموگوڕی بۆ ئەو خەڵکە دەگەڕێنێتەوە کە لەژێر سوڵتەدان، چونکە بەرهەمهێنانی گاڵتەجاڕی، تەنیا تایبەت بە جەماوەری خەڵک نییە. ئاوەژووکردنی ڕاستەقینە کاتێک ڕوو دەدا کە کۆمەڵانی خەڵک لەبەر ئەو مەیلەی بۆ شکۆ هەیانە، دەیانەوێ شێتانە هەڵسوکەوت بکەن و بۆ لاساییکردنەوەی دەسەڵات جلوبەرگی نزم و ئەرزانبایی لەبەر بکەن. ئەگەر لەم ڕوانگەوە سەیری کۆلۆنیالیزمی ئێرانی بکەین دەبینین کە لە ڕێگەی ئەو گەرموگوڕی و نزیکایەتییەوە کە لەگەڵ کورد و کولتووری کوردستان نیشانی دەدا، ڕەگ و ڕیشەی خۆی لە کوردستان دادەکوتێ. کۆلۆنیالیزمی ئێرانی تەنیا بە هی خۆکردن و تواندنەوەی کولتووری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەندەی نەکردووە، بەڵکوو دەیەوێ هێژموونییەکی کولتووری لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان ساز بکا. لۆژیکی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی لەسەر ئەم بنەمایە دەوەستێ کە بۆ ئەوەی کوردانی هەر چوار پارچە بەرپەرچی سیستەمی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی نەدەنەوە، دەبێ و باشترە کوردەکان خۆیان دان بە ئێرانیبوونی خۆیاندا بێنن و لە دڵەوە شانازی بە ناسنامەی ئێرانیی خۆیانەوە بکەن.

هەر لەم ڕوانگەوەیە کە ئێحسان نووری پاشا (١٨٩٢-١٩٧٦)، سەرکردەی ناوداری شۆڕشی خۆیبوون، لە کاتی ئاوارەیی لە تاران، کتێبێک بە ناوی "تاریخ ریشە نژادی کرد" [مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ١٩٥٤] دەنووسێ و لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا باسی ئامانجێک دەکا کە ئەوی هان داوە سەرەڕای ئەوەی مێژوونووس نییە، دەست بۆ قەڵەم ببات: "مەبەستم ئەمە نییە مێژووی کورد و کوردستان بنووسم، بەڵکوو ئەوەندەم گەرەکە خزمەتی قەومێکی ئێرانی نەژاد بکەم کە خەریکە لە لایەن نەژادەکانی دیکەوە لە نێو دەبرێت. هەر ئەوەندەم گەرەکە ئەم میللەتە ڕەشید و عەگید و زۆر لێ کراوە لە گومناوی دەرباز بکەم، نەیەڵم لە شەرەفی نەژادی ئێرانیی خۆی مەحروم بێ... میللەتێک [کورد] کە بەردی بناغەی شکۆداری ئێرانی هەر لە سەرەتاوە بە خوێنی پیرۆزی جەنگاوەرانی خۆی پێکەوە چەسپاندووە."[٥٤]

ڕەشید یاسمیش هەربۆیە پێی وایە "کورد یەکێک لە لقەکانی کۆنەداری بەبەری نەژادی ئێرانییە."[٥٥]

بەگوێرەی کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر، چی تر نەورۆز بەخێرایی و بەئاسانیی پارچەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانێ ببێتە یەکێک لە سیمبولە گرنگەکانی شۆڕش. هەربۆیەش دەبینین نەورۆزی سیاسی بە تازەیی خەریکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەرە دەستێنێ. ئەگەرچی هەندێک لە ڕێورەسمەکانی نەورۆز ڕیشەیان لەناو کولتووری خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا داکوتاوە و کردنەوەی ئاگری نەورۆز وەک کردەوەیەکی جیاواز لەگەڵ نەورۆزی ئێرانییەکاندا سەیر کراوە، بەڵام دوای بووژاندنەوەی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت دوای ڕاسانی حدکاوە نەورۆز وەکوو بۆنەیەکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووژاوەتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا دەستپێشخەریی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەستنیشانکردنی دوو هێمای جامانە و گوڵی سوور لەسەر هەڵسوکەوت و یەکگرتوویی جەماوەریی خەڵکی ڕۆژهەڵات کاریگەر بووە. بەتایبەت لە دوای شۆڕشی ژینا لە نەورۆزی ٢٧٢٤ (٢٠٢٤ زایینی) بەریەککەوتنی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پیلانەکانی ڕژیمی کۆماری



https://kurdpa.net/so/news[وێنەگر: فواد گودەرزی]

ئیسلامی لە بەرزترین ئاستدا لە کارنەڤاڵێکی سەرتاسەریی نەورۆزدا بەرچاو دەکەوت. لە کاتێکدا ڕژیم پێی وابوو بە پەرتەوازەکردن و زۆرکردنی ڕۆژەکانی نەورۆز تایبەتمەندیی کارنەڤاڵێکی سیاسی لە نەورۆز دەستێنێتەوە و زیاتر بەرەو سەیرانێک لە گوندەکان دەیبا کە تەنیا خەڵک تیایدا کەیفخۆش دەبن و لە ئاکامدا هەم لە سیاسەت دوور دەکەنەوە و هەم هێشتا خۆیان بە ئێرانی دەزانن، بەڵام بەپێچەوانەوە فرەیی بۆنەکان ئەم نەورۆزەی کردە کارنەڤاڵێکی سیاسیی یەک مانگە کە تیایدا خەڵکی ڕۆژهەڵات سنوورە ناسنامەیییەکانی زیاتر لە جاران لەگەڵ ئێرانییەکان تۆخ کردەوە.

بەڵام ئەم گۆڕانە لە نەورۆزی ڕۆژهەڵاتدا چۆن ڕووی داوە و بکەرەکان کێن و لە کامە سیمبول کەڵک وەگیراوە؟ بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارە گرنگە سەرەتا دەبێ لەسەر ئەوە ڕاوەستە بکەین کە ئیستا ڕۆژهەڵات بووەتە مەکۆی سەرەکیی کوردایەتی و تەنانەت لەم پارچەیە زۆرترین بەریەککەوتنی بیرۆکەکانیش لەئارادایە. لایەنگرانی ناسیۆنالیزمی کوردی پێیان وایە بیری کوردایەتی هەوێنی خەباتێکی فرەڕەهەندی دژەستەمە. واتە کوردایەتی بەرەورووی هەر جۆرە ستەمێکی نەتەوەیی، چینایەتی، جێندەری و ژینگەیی دەبێتەوە. هەربۆیەش ئەم لایەنە هەوڵ دەدا بە شوێن مانا نوێیەکانی نەورۆز و بۆنە نەتەوەیییەکاندا بگەڕێت. ئەم لایەنە پێی وایە هاوکاری و تێگەیشتنێکی پێگەیشتوو لەنێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنیدا ساز بووە. ئەگەرچی حاکمییەتی سیاسی لە ئێراندا هەوڵ دەدا مانای تایبەت بەخۆی بەسەر نەورۆزدا بسەپێنێت و وەک جێژنێکی ئێرانی کە تیایدا سرووشت زیندوو دەبێتەوە، پێناسەی بکا، بەڵام حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و کۆمەڵگای مەدەنی ئاراستەی جێژنی نەورۆزیان بەرەو کارنەڤاڵێکی دژەستەم بردووە و لە ڕێگەی کردنەوەی ئاگر و هەڵپەڕینەوە ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتیان پێکەوە گرێ داوەتەوە.

سیاسەتی جوانیناسانەی نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەوری چەند سیمبولی نوێدا خۆی لە نەورۆزی ئێرانی نەک

جیا کردووەتەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی هەڵپەڕین بــە دەوری ئاگــری نــەورۆز و ســازکردنی ڕەشــبەڵەک، خۆڕازاندنــەوە بــە جلوبەرگی کــوردی و لەبەرکردنی مانــاداری جلوبەرگی پێشــمەرگانە لــە لایەن کچــان و کوڕانەوە، بەشداریی بنەماڵەی شەهیدان لە کردنەوەی ئاگری نەورۆز و پێشــەنگبوونی کەســوکاری شــەهیدان، پاراســتنی ڕێنماییەکانــی ژینگەپارێــزی، بەکارهێنانی ســیمبۆلەکانی ئــاڵای کوردســتان، جامانە و گوڵی ســوور هەندێک لەو ڕێکارانەن کە لایەنی سیاســی و ناســنامەخوازیی نەورۆزیــان لە ڕۆژهەڵات پڕەنگ کردووەتەوە. لە چەند دەیەی ڕابردوودا هــەر دێ و کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهێزتر دەبێ. ئەگەرچی هەندێک کــەس نزیک لە بیرۆکەی ئانارشیســتی هەر دەیانەوێ وا نیشــانی بدەن کە ئەم کۆمەڵگا مەدەنییــە تەواو ســەربەخۆ لــە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتە و هەربۆیە لە داهاتووشــدا خەڵک دەتوانــن خۆیــان بەڕێــوە ببــەن و چی تر پێویستییان بە دەوڵەت نەمێنێ،[56] بەڵام ئەمە تەنیــا بەلارێدابردنی فەکتــی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تیۆرییەکی پێشوەختەوەیە. هەر کەس لە ڕۆژهــەڵات چالاکی هەبوو بێ یا ئاگاداری ڕێکخستنی بۆنەیەکی نەورۆز بوو بێ، دەزانێ گرێدراوییەکی ســەربەخۆ لەنێوان کۆمەڵگای مەدەنی و حیزبەکاندا لەئارادایە. واتە لە یەک کاتــدا کارتێکەرییەکی دوولایەنــە لە نێوان حیزبە سیاســییەکان و بکەرە فەرەنگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەرچاو دەکەوێ.

مەبەســتی مــن لــە گرێدراوەیی‌یەکی سەربەخۆ ئەوەیە کە لە لایەکەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەرکی ئەویان کردووە بەهێزبوونی کۆمەڵــگای مەدەنی ئەرکی ئــەوان لە ڕووی مێکانیزمەکانی خەبات و بەرگرییەوە ســووک دەکا و هەروەهــا لــە بەربەیانی ئازادیشــدا بوونی کۆمەڵگایەکــی مەدەنیی توانا دەتوانێ بەستێنێکی ئامادەتر لە باشووری ساڵی ١٩٩١ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساز بکا. لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵ ئەوەیدا لە ڕووی گوتارییەوە گرێــدراوی حیزبەکانی ڕۆژهــەڵات و مێــژووی خەباتەکەیانە، بەڵام لــە هەمــان کاتــدا لــە ڕووی مەیدانییەوە ســەربەخۆیە. بەپێچەوانــەی کۆمەڵــگای مەدەنیــی لاواز لــە باشــووری کوردســتان کە تاکوو ئیســتاش شوێنی دەســتێوەردانی حیزبەکانــە، کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕۆژهەڵات لەســەر پێی خــۆی ڕاوەســتاوە و ڕێکخراوە ناحکوومییــەکان، دەزگای چاپەمەنییــەکان، ناوەندەکانی فێرکاریی زمانی کوردی، ناوەندە وەرزشــییەکان و ... هتــد. ســەربەخۆ و تا ڕادەیەکــی زۆر بەشــێوەیەکی دێموکراتیک بەڕێوە دەچــن. واتە کۆمەڵــگای مەدەنی لە ڕۆژهــەڵات لە ڕووی گوتارییــەوە گرێدراوی حیزبەکانە و لە ڕووی پراکتیکەوە ســەربەخۆ دەجووڵێتــەوە. لــە مەیدانی هەڵســوکەوتی کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم بکەری حیزبی و هەم ســەربەخۆ بەرچاو دەکەون کە لە ڕووی گوتارییەوە تا ڕادەیەکی زۆر بەرەو خوێندنەوەیەکی نوێ لە کوردایەتی هەنگاو دەنێن، هەمیش بکەری کۆلۆنیالیستی و ئیسلاحتەڵەبی ئامادەن و دەیانەوێ کۆمەڵگای مەدەنی لە خەباتی کوردایەتی دابڕن و بەرەو داوێنی گەرمی ئێرانی ببەنەوە.

بەهێزبوونــی کۆمەڵــگای مەدەنیــی ڕۆژهــەڵات و ســەربەخۆیی‌یان لــە ڕووی کردەیی‌یــەوە ئەوانــی دەســت ئــاوەڵا هێشــتووەتەوە کــە بەپێــی تایبەتمەندیی ناوچەیی و پێشتریەتیی ڕووداوەکانەوە بڕیاری سەربەخۆ و تا ڕادەیەک جیا لە یەک بدەنەوە. ئەم شــێوەیە لە فرەچەشن کردنی جۆرەکانی خەبــات و دێموکراتیزەکردنیــان توانیویەتی یارمەتیدەری بیری کوردایەتی لە گەیشــتن بە ئامانجی دژەســتەمی خــۆی بێ. لێرەدایە کە ئەرکی سیاســیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و ئەرکی کولتــووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای

مەدەنی تەواو پێکەوە دەتوانن هەماهەنگ بن. لەو شوێنانەشدا کە ئەگەری بەریەککەوتن هەیە، ئەوە ئیتر ئەرکی ڕۆشنبیرانە کە بتوانن پێکەوەیان بگونجێنن. لێرەدا بۆ ئەوەی مەبەستی خۆم زیاتر شی بکەمەوە کەڵک لە قسەیەکی خۆش وەردەگرم کە چالاکانی ڕۆژهەڵات دەیگێڕنەوە. گوایە کابرایەک بە بیستنی وشەی دۆڵمە قەڵس دەبێ. ڕۆژێک ئەم کابرایە دەچێتە قاوەخانەیەک و ئەو چەند کەسەی لەوێ دەبن دەیانەوێ بەو کابرا قەڵسە ڕابوێرن. هەربۆیە هەر کامیان لە سووچێکەوە قسەیەک دەکا و یەک دەڵێ برینج؛ یەک دەڵێ گەڵامێو؛ یەک دەڵێ خوێ و زەردەچێوە و ... هتد. لەپڕ کابرا کە دەزانێ مەبەستیان چییە، چەقۆیەک لەسەر مێزەکەی بەردەمیدا دەچەقێنێ و دەنەڕێنێ جا پیاوم دەوێ هەڵیانپێچێت!

هەر لەم سۆنگەیەوە، لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا یەک باسی زمانی کوردی دەکا، یەک باسی مافی ژنان دەکا، یەک باسی ژینگەپارێزی دەکا و ... هتد. ناسیۆنالیزمی ئێرانیش کە بە کوردایەتی قەڵسە، هەموو هێزی سەرکوتی خۆی بەکار دێنێ تا نەهێڵێ کوردایەتی نوسخەی سیاسیی خۆی هەڵپێچێ. هەربۆیە ئەرکی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەپێناو ڕزگاریدا ئەوەیە چۆن ڕێگەچارەی سیاسی بۆ سەروەریی نەتەوەیی بدۆزێتەوە. ئەگەرچی لەم ناوەشدا دوژمن بێکار دانەنیشتووە، بۆ نموونە لە نەورۆزی ئەمساڵ دەیویست بە پەرتەوازەکردن و بەرەو سەیران بردنی نەورۆز ئەو بۆنەیە لە مانای سیاسیی خۆی بۆش بکاتەوە، بەڵام دەستپێشخەریی حدکا لە ڕێگەی پێناسەکردنی ئەم بۆنەیە بە ”نەورۆزی مەشخەڵانی ڕزگاری“ و گرێدانەوەی بۆنەکان پێکەوە یارمەتیدەری کۆمەڵگای مەدەنی بوو کە ژمارەی زۆری نەورۆزەکان لە مانا سیاسییەکەی بێبەری نەبێت. هەربۆیەش مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حدکا لە پەیامی نەورۆزیی خۆیدا دەنووسێ: ”نەورۆز بۆ ئێمەی کورد تەنیا نوێبوونەوەی ساڵ و گۆڕانی سروشت نییە. سەرەڕای ئەوەی کە لە بۆنەی نەورۆز وەک میراتێکی مرۆیی دەڕوانین، پێشمان وایە نەورۆز بۆ نەتەوەی کورد مانایەکی سیاسی و جیاوازتری هەیە. لە کولتووری کۆمەڵگەی کوردەواریدا و ئەوەندەی پەیوەندیی بە نەورۆزەوە هەیە، ڕەهەندە سیاسی و سەمبولیکەکانی ئەم بۆنەیە بۆ ئێمەی کورد وەک نەتەوەیەکی شۆڕشگێڕ و هیوادار بە ڕزگاری و ئازادی، بەرفراوانتر و بەرجەستەترە.“[۵۷]

## سەرچاوەکان


1 United Nations. 2022. International Nowruz Day 21 March. https://www.un.org/en/observances/international-nowruz-day

۲. پڕۆژەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ کۆکردنەوە و ئارشیڤکردنی تایبەتمەندی دژەکۆلۆنیالیستیی کارنەڤاڵەکانی ناوچەی کارائیب لە ڕێگەی ئەم سایتەوە سەیر بکە: https://caribbeananti-colonialthoughtarchive.domains.trincoll.edu//carnival-and-anti-colonialism

3. Milla Cozart Riggio. Carnival Culture in Action – The Trinidad Experience. London: Routledge, 2005; Milla Cozart Riggio. “Playing and Praying: The Politics of Race, Religion, and Respectability in Trinidad Carnival.” Journal of Festival Studies 2 (Fall 2020): 203-235.

4. Gage Averill. “Anraje to Angaje: Carnival Politics and Music in Haiti.” Ethnomusicology 38 (2), Music and Politics (Spring - Summer, 1994), 217-247.

5. Luke White. “Carnival.” In Legacies of the Drunken Master: Politics of the Body in Hong Kong Kung Fu Comedy Films edited by Allison Alexy, 30-58 (Honolulu: University of Hawaii Press, 2020).

6. Mikhail Bakhtin. Rabelais and His World. trans. Helen Iswolsky (Cambridge, MA: MIT Press, 1984).

۷. یەعقووب ڕەوا. ”نەورۆزی دژە گوتار. “ کوردستان میدیا. ۱ خاکەلێوە ۲۰۲۴؛ بڕوانە: https://kurdistanmedia.com/so/news/2024/03/275

۸. خسرو سینا و مهدی مرادی. ”واکاوی مؤلفەهای هویتی در نمایش میر نوروزی از منظر نظریەی میخاییل باختین“ پژوهشنامه

ادبیات کردی ۶ (۱۳۹۹): ۲۵-۳۹.

۹. بۆ دۆزینەوەی شیعرەکان کەڵکم لە سایتی ناوازەی ڤەژینبوکس وەرگرتووە. لەمە بەدواوە چونکە هەموو سەرچاوە ئەدەبییەکانم لەم سایتەوە وەرگرتووە، ئاماژەی پێدادەمەوە و هەروەها لەبەر سەرهێڵبوونی سەرچاوەکان ژمارەی لاپەڕەکانم دیاری نەکردووە. بۆ سایتی ڤەژینبوکس بڕوانە: https://books.vejin.net/

۱۰. مصطفی کیوان. نوروز در کردستان (تهران: سازمان چاپ تبریز، ۱۳۴۹).

11.Cited in Delal Aydin. Mobilizing the Kurds in Turkey: Newroz as a Myth. MA Thesis (Middle East Technical University, 2005).

۱۲. هەموو ژمارەکانی هەفتەنامەی ژین لە لایەن مامۆستا محەمەد ئەمین بوزەرسەلان لە پێنج بەرگدا چاپ کراوتەوە. لەم چاپە ناوازادەدا هەم ڕۆژنامەکە چاپ کراوتەوە و هەم پیتی عەرەبی بۆ لاتین گۆڕاوە. ژمارەی لاپەڕەکان لەم چاپەدا بە شێوەیەکە کە سەرەتا ژمارەی لاپەڕە لە کۆی کتێبەکەدا دێ و دواتر ژمارەیەک دێ کە بەپێی لاپەڕەی ڕۆژنامەکە ڕێکخراوەتەوە. بڕوانە:
Bozarslan, M. Emîn. Jîn (Kovara Kurdî-Tirkî 1918-1919) (Uppsala: Weşanxana Deng, 1985-87), vol. I, 184 (2).

۱۳. شرف خان بن شمس الدین بدلیسی. شرفنامه (تاریخ مفصل کردستان). به اهتمام ولادیمیر زرنوف. (تهران: اساطیر، ۱۳۷۷)، ۱۲-۱۳.

14. Bozarslan, M. Emîn. Jîn (Kovara Kurdî-Tirkî 1918-1919), vol. III, 599 (3).

۱۵. ئیسماعیل گوێڵداش. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان. وەرگێڕان زریان ڕۆژهەڵاتی (سلێمانی: بنکەی ژین، ۲۰۱۱): ۴۱-۴۳.

16. Ibid., vol. I, 191 (9).

17. Ibid., vol. IV, 717 (7).

۱۸. ئیسماعیل گوێڵداش. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ۶۳-۶۵.

۱۹. سدیق ساڵح (ئامادەکار). پیرەمێرد چی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە. (سلێمانی: بنکەی ژین، ۲۰۱۳)، ۴۵؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ساڵی چوارەم، ژمارەی ۳ (۱۹۴۳).

۲۰. پیرەمێرد چی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە، ۳۹؛ ڕۆژنامەی ژین، ژمارەی ۷۰۰ (۱۹۴۳).

۲۱. پیرەمێرد چی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە، ۲۷؛ ڕۆژنامەی ژین، ژمارەی ۵۲۹ (۲۹ مارسی ۱۹۳۷).

۲۲. پیرەمێرد چی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە، ۹۸؛ ڕۆژنامەی ژین، ژمارەی ۹۵۸ (۱۷ مارسی ۱۹۴۹).

۲۳.بڕوانە: https://books.vejin.net/ck/text/22620?h=نەورۆز

۲۴.بڕوانە: https://books.vejin.net/ck/text/28979?h=بیست

۲۵.بڕوانە: https://books.vejin.net/ck/text/9844?h=ئەدمۆنس

۲۶. پیرەمێرد چی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە، ۱۰۲-۱۰۳؛ ڕۆژنامەی ژین، ژمارەی ۱۰۰۳ (۲۳ ئاداری ۱۹۵۰).

۲۷.پیرەمێرد چی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە ، ۹۰-۹۱؛ ڕۆژنامەی ژین ژمارەی ۸۶۳ (۱۳ مارسی ۱۹۴۷).

۲۸.هاشم خەلیلزادە. جێژنی نەورۆز لە مەهاباد. ڕۆژنامەی کوردستان. ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح (سلێمانی، بنکەی ژین، ۲۰۰۷)؛ ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ۲۷ (۲۵ مارسی ۱۹۴۶، ۵ خاکەلێوە ۱۳۲۵).

۲۹.قادر مودەرێسی. جێژنی نەورۆز و کورد، سەرچاوەی پێشوو، ۲-۳.

۳۰. محەمەد حەمیدی، خەتابەی ئاغای سیدمحمد حمیدی مدیری ڕۆژنامەی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ۴.

۳۱.بڕوانە: https://tinyurl.com/264rx3av

۳۲.بڕوانە: https://tinyurl.com/2h23enwm

۳۳. بڕوانە: https://tinyurl.com/3utw4bmp

۳۴. بڕوانە: https://tinyurl.com/2t4bzm9n

۳۵. بڕوانە: https://tinyurl.com/39x45nkw

۳۶. بڕوانە: https://tinyurl.com/28mrpvu8

۳۷. بڕوانە: https://tinyurl.com/mpatt4kt

۳۸.بڕوانە: https://www.youtube.com/watch?v=uvQNfaA0yUQ

۳۹. بڕوانە: http://www.band.blogfa.com/post/14

۴۰. بڕوانە: https://tinyurl.com/mrx24zf9

۴۱. بڕوانە: https://tinyurl.com/zukkxcnp

42. Delal Aydin. Mobilizing the Kurds in Turkey, 75.

43.Ibid., 77.

44. Ibid.

45.Cengiz Gunes. "Explaining the PKK›s Mobilization of the Kurds in Turkey: Hegemony, Myth and Violence." Ethnopolitics 12:3 (20212), 260.

46. Ibid., 261.

47.Lerna K. Yanik. "'Nevruz' or 'Newroz'? deconstructing the 'invention' of a contested tradition in contemporary Turkey." Middle Eastern Studies, 42:2, 285-302.

48. See: https://tinyurl.com/2xka8km6

۴۹. سارۆ ئەردەڵان. کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر: ئێران چۆن توانیویەتی لە کوردستان هێژمونیی کولتووری ساز بکا؟ گۆڤاری تیشک ۵۲ (۲۰۱۹)، ۲۴-۴۵.

50.Bozarslan, M. Emîn. Jîn (Kovara Kurdî-Tirkî 1918-1919), vol. IV, 800 (II).

51. Ibid., vol. I, 191 (9)

52. Achille Mbembe. On the Postcolony (Berkeley and Los Angeles: University of California Press), 128-133.

53. Mikhail Bakhtin, Problems of Dostoevsky's Poetics, ed. And trans. Caryl Emerson (Minneapolis: University of Minnesota, 1999), 107-108.

۵۴. احسان نوری پاشا. تاریخ ریشە نژادی کرد (مهاباد: سیدیان، ۱۳۶۱)، ۲-۳؛ وەرگێڕانە کوردییەکەم لە حەمە کەریم حارف دەقاودەق وەرگرتووە، بڕوانە: ئیحسان نوری پاشا، مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، وەرگێڕانی حەمە کەریم عآرف (سلێمانی: چاپەمەنی سایە، ۲۰۰۸)، ۲۹-۳۰.

۵۵. رشید یاسمی. کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او (تهران: ناشر کتاب، ۱۳۱۵)، ۷.

۵۶. عباس ولی و مراد روحی. میان نظم حاکم و گسست دموکراتیک: تأملاتی بر آثار همەگیری کووید ۱۹ بر روژهەلات. نقد اقتصاد سیاسی. https://tinyurl.com/3f5u36pu

۵۷. بڕوانە: https://kurdistanmedia.com/so/news/2024/03/252